# مرۆڤ و ئاژەڵ



نووسـینی: سادق هیدایەت
وەرگێڕانی: سـەلیم حەقیقی

مرۆڤ و ئاژەڵ ■ نووسینی: سادق هیدایەت ■ وەرگێڕانی: سەلیم حەقیقی ■ ٢٠٢٢

# مرۆڤ و ئاژەڵ

نووسینی:

**سادق هیدایەت**

وەرگێڕان لە فارسییەوە:

**سەلیم حەقیقی**

مافی چاپ و هەموو مافەکانی
تری ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕ
پارێزراوە. هەرچەشنە کۆپیکردنێک
لە بەشێک یان هەمووی ئەم کتێبە،
بە شێوەی چاپ یان مایکرۆفیلم،
بێ ئیزنی وەرگێڕ قەدەغەیە. ئاماژە
و لێگێڕانەوە، بە مەبەستی ڕەخنە و
هەڵسەنگاندن ڕێگەپێدراوە.

# مرۆڤ و ئاژەڵ

نووسینی: سادق هیدایەت
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەلیم حەقیقی
پێشەکی: بیژەن قارەمانی
گەلاڵەوێنەی ڕووبەرگ و ناوەوە: مراد بەهرامیان
هەڵەچن و زمانەوان: مراد بەهرامیان
٢٠٢٢

---

**Human and Animal**

Sadegh Hedayat
Translated by : Salim Haqiqi
Graphic and editing: Morad Bahramian
2022

---

بۆ پەیوەندی:

## پێشەکی بیژەن قارەمانی
سۆئێد - ستۆکهۆڵم
١٤ی فێوریەی ٢٠٢٢

---

سادق هیدایەت ئەو نووسەرە ڕووناکبیرەی لە تەمەن و زەمەنی ژیانی خۆی لەپێشتر بوو!

سادقی هیدایەت نووسەری هاوچەرخ بە کەمتر لە نیو سەدە ژیانی ئەدەبی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە کورتەوتار و ڕۆمان و نووسینی چیرۆک و وەرگێڕانی کتێب کردە ئامانج بە جۆرێک دەسەڵاتی تۆتالیتێر و سەرەڕۆ و ویشکەدینداری گۆشەی مزگەوت و تەکیە و خانەقای ورووژاند تا ئەو جێگایە کە نە وە دەسەڵاتی هەڵدەکرد و نە لەگەڵ ئایین دانووی دەکوڵا، ئەم دووانە ئێستاش پاش چەند دەیە لە مەرگی بەرۆکی بەرنادەن، «سادق»یش لێیان بووەتە مۆتەکە و خەوی زڕاندوون.

لە ڕاستیدا خۆ «سادق» دژی هیچکام لەو دووانە واتە ئایین ـ دەسەڵات نەبوو ، ئەوەی سادق دژی بوو کاردانەوە و هەڵوێستی لەسەر دەگرت و لەسەری دەنووسی، خەراب بەعەمەل هێنانی ئەو دوو چەمکە بوو لە دژی خەڵک.

سادق نەک هەر ژیانی کێشەبوو بۆ سەر ئایدۆلۆژی و دەسەڵات «دووانەی دژ بە ئازادی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی» مردنەکەشی کۆتایی بەو کێشانە نەهێنا، ئەوانیش بەرۆکیان بەرنەدا و پاش خۆی ئەمجارە بەرهەمەکانیان بە ئامانج گرت،

سەرەتا سانسۆڕیان کرد و دواتر بەوە ئەرخەیان نەبوون و پێشیان بە چاپ و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی گرت.

سادق هیدایەت لەدایکبووی ٢٨ی ڕێبەندانی ١٢٨١ هەتاوی شاری تارانە، لە بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو چ لە بواری ماڵی و چ لە ئاستی پلە و پایەی دەوڵەتداری چاوی بە دونیا هەڵێناوە و وەک دەڵێن: «بەرو پشت ئەتڵەس» بووە. هەر ئەوەش بواری زیاتری بۆ ڕەخساند و زیاتر چاو و گوێی کراوە، تێکەڵاوی کۆمەڵگەی دەوروپشتی بوو و لە ئیمکاناتی ئەو سەردەم کەڵکی وەرگرت و وەبەر خوێندن نرا. قوتابخانەی تایبەتیان بۆ دەستنیشان کرد و شارەزای زمانی فەڕانسی بوو. بۆ درێژەی خوێندن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات «بلژیک پاشانیش فەڕانسە و هیندوستان» دەکرێت و دنیایەکی تازە بەڕوویدا دەکرێتەوە، هەرچەند مخابن هەر لەوێش «پاریس» کۆتایی بە ژیانی پڕ لە ژانی دێنێت ...

سادق هیدایەت هەر لەسەرەتای خوێندن و چوونە قوتابخانە خاوەنی زەوق و بیر و هزرێکی تایبەت دەبێت کە وا نیشان دەدا لەسەرووی نۆڕمە ئاسایییەکانە، بۆیە لەپەنا خوێندن دەست بۆ نووسین و وەرگێڕان و دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری دەبات و زیاتر دەدرەوشێتەوە دەکەوێتە بەرچاوان.

سادق لە تەمەنێکدا گوڵ دەکا کە هێشتا غەڵفێکی ساوایە لە تەمەنێکدا کۆچ دەکات کە دارێکە تازە بەری گرتووە و لکی هاویشتووە.

قۆناغێکی تری ژیانی سادق هیدایەت، کە هەر بە هۆی لێهاتوویی و گەشەی بەردەوامی هزر و بیری و بۆ درێژەدانی خوێندن لە لایەن بنەماڵەکەیەوە ڕاگوێزی قوتابخانەی «سەن لویی» فەڕانسەوییەکان لە شاری تاران دەکرێ و زۆر زوو لەگەڵ قەشەی قوتابخانە دەکەوێتە ئاڵوگۆڕی زانستی.

سادق قەشەی فێری زمان و ئەدەبیاتی فارسی دەکات، قەشەش سادقی هیدایەت فێری زمانی فەڕانسی دەکات، سەودایان سەر دەگرێت و بەمجۆرە هەنبانەی هیدایەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پڕ دەبێت، بە وتەی خۆی لێرەوە تێکەڵ بە ئەدەبیاتی جیهان دەبێت. لە تەنیشت وەرگێڕانی کورتەچیرۆک و وتارنووسین لە ڕۆژنامەکاندا یەکەم بەرهەمی کتێبی سادق هیدایەت بە ناوی ئاژەڵ و مرۆڤ خۆی دەخزێنێتە ناو کونجی کتێبخانەکان و سادق دەکاتە سەرێک لەناو سەران، قەڵەمێک لە ڕیزی نووسەران، ڕێبازێکی تایبەت بە نووسین دەگرێتە پێش، هاوشانی کەسانی وەک محەمەدعەلی جەماڵزادە، بۆزۆرگ عەلەوی و سادقی چۆبەک کە هێندە شوێندانەر بوون لە داهێنانی ڕۆمان، داستان و چیرۆک، پاش مەرگیشیان کەسانی دیار و بەرچاوی نووسەرانی ئێرانی - کورد ئەم ڕێچکەیان گرتە بەر تا ئێستاش ئەو قوتابخانە قوتابی بوێر و چاو نەترس پەروردە دەکات.

کتێبی «مرۆڤ و ئاژەڵ» کە بەڕێز سەلیم حەقیقی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی هەرچەند بە قەوارە بچووکە بەڵام بە ناوەرۆک سەرەتای دەستپێکی گۆڕانکاری دەروونی و فەلسەفی سادقی هیدایەتە، لێرەوە قۆناغی دنیای ئەدەبی دەست پێدەکات «سادق»ی نووسەر، چیرۆکنووس و وەرگێڕ لەدایک دەبێت و بە مەرگیشی کۆتایی بەم سەرەتایە نایە.

هیدایەت دەبێتە قوتابخانەیەکی ئەدەبی سەردەمی خۆی و ڕێنسانسێک و وەرچەرخانێک دروست دەکات کە لە ناوەرۆکی کتێبی مرۆڤ و ئاژەڵدا بەڕوونی هەست پێدەکرێت. خوێنەر دەباتە ناو قووڵایی بیروهزری نووسەرەوە کە پەیامێکی مەعنەوی و مەعریفەتی زاتی پێیە تا کۆمەڵگە وشیار کاتەوە و لەو خەوە هەستن ...

سادق هیدایەت زۆر بەڕوونی لە ڕستەیەکدا هەستی دەروونی خۆی لەو کتێبەدا دەخاتە ڕوو کە دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ بەگشتی بیهەوێت دەستبەرداری شەڕ و کوشتن بێت، دەبێ سەرەتا لە کوشتن و خواردنی ئاژەڵەکان دەست هەڵگرێ ...

هەر بۆیە زۆر ورد و بەسرنجەوە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دەخاتە ڕوو و شرۆڤەیان بۆ دەکات. خوێنەر بەم قەناعەتە دەگەیەنێت کە ئەوە مرۆڤە سەری لە ئاژەڵ شێواندووە و ژینگەی لێ تێکداوە تەنانەت ناچار بە بەرهەڵستی توندوتیژ و کۆچ کردووە، کاری لێدەکێشێ بواری دەروونی ئاسایی ژیان و ژینگەی لێ  تێکداوە و کەڵکی نادروستی لێ وەرگرتووە.

سادق هیدایەت هەر لەو کتێبەدا پێ لە هێڵی  سوور دەنێ و خوێندنەوی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پێناسەی مرۆڤ وەک «ئەشرەفی مەخلووقات » و دەیخاتە ڕوو کە ئەوە مرۆڤە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیان پێویستی بە پەروەردە و پێڕاگەیشتنی بەردەوام هەیە بە پێچەوانەی ئاژەڵ کە چوونە سەری هۆش و بیرکردنەوە و خۆ گونجاندنی لەگەڵ ژینگە زاتی خوا پێیداوە، ئەگەر مرۆڤ ڕێگری لێ نەکات.

بەسەرنجدان بە ناوەرۆکی وەرگێڕانی کتێبی «مرۆڤ و ئاژەڵ» بە قەڵەمی نووسەر و ڕۆماننووسی کورد  سەلیم حەقیقی، زیاتر قورسایی ئەو بەرهەمە و جیاوازی نێوان ئاژەڵ - مرۆڤ لە بواری سایکۆلۆژیی نیشان دەدا، کاتێک کە ڕۆمانی قەرەج دەخوێنمەوە «سەلیم» لەوپەڕی بێکەسی، بێ دەسەڵاتی و نەداریدا کە ڕوویان تێکردووە، پەنا بۆ چۆڵگەیەکی دوورەدەستی شاری هەولێر دەبا تا شەو ڕۆژ بکاتەوە، ڕێگای هەتڵە دەبێت و خۆی لەنێو سێ سەگی برسیدا دەبینێتەوە کە ڕەنگ بوو سەلیم بکەنە ئامانج و زگی برسی خۆیانی پێ تێر کەن.

بەشی هەرە تراژێدی و سرنجڕاکێشی ڕۆمانی قەرەج بەلای منەوە ڕاست ئەو ماوەیە لە ژیانی نووسەرە کە لەگەڵ سەگەکان وێنای دەکات، ژیان و ژینگەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دروست دەکەن، ترس دەڕەوێتەوە و هیوا چەقەرە دەکات ...

لێرەدایە کتێبی «مرۆڤ و ئاژەڵ»ی سادقی هیدایەت و ڕۆمانی «قەرەج»ی سەلیم حەقیقی دەگەنە ڕوانگەی هاوبەش لەسەر تایبەتمەندی ئاژەڵەکان، بەو شەرتەی مرۆڤەکان گیانلەبەرێکی دلۆڤان و بەبەزە بن. ئاژەڵەکان سروشتیان لەگەڵ ژینگە گونجاوە تا ئەوکاتەی نەکەونە بەر هێرش و کارلێکێشانی هەمەجۆرە لەپێناو ویستی دەروونی مرۆڤەکان ...

وەرگێڕانەکەی سەلیم حەقیقی دەق لە ڕووی دەقەوە نییە و زیاتر واقعبینی و جیهانبینی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە کە سرنجی وەرگێڕ تێیدا ڕەنگ دەداتەوە کە زەمەن و تەمەنێک لە ژێر سایە و چەتری مێهربانی ئاژەڵدا ژیاوە ... بۆ ئەوەی جارێکیَ تر بگەڕێینەوە دونیای نووسین و بیرکردنەوەی سادق هیدایەت لە سەردەمی ژیانیدا.

نەیارانی سادق هیدایەت لە کۆی بەرهەمەکانیدا وای وێنا دەکەن کە کەسێکی لائیکە «بیَ دین» یان لە دین لایداوە و خەریکە بە نووسراوەکانی کۆمەڵگەش بەو ئاقارەدا دەبات کە خۆی مەبەستیەتی.

ئەم تاوانە تا کۆتایی هێنان بە ژیانی بەرۆکی بەرنەدا، تەنانەت ئیسلامییەکانی فەڕانسەش دژی وەستانەوە و بەرهەڵستی بوونەوە.

ڕاستە سادق کەسێکی سێکولار بووە و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبووە و لەسەری سوور بووە بەڵام شەڕی دین و

ئایینی نەکردووە بەڵکو شەڕێکی زانستیی کردووە بە دژی دواکەوتوویی و خورافات، لە ڕێگای توێژینەوە و نووسینەکانی هەوڵی چوونە سەری ئاستی وشیاری کۆمەڵگەی دارِماو و دواکەوتووی ئەوکاتی داوە کە ئایدیۆلۆژی بە بارمتەی گرتبوو، نەک خوا شتێک کە تا ئێستاش باوە بووشایی سادق هیدایەتەکان بە ڕوونی بەسەر جەستەی کۆمەڵگەوە دیارە!

لەم ڕوانگەوە سادق هیدایەت دەڵێ: من لە ناسینی خودادا داماوم کاری من نییە و خوداش پێویستی بە عەبدایەتی من نییە کە من هەوڵی ناسینی بدەم، ئەوەش بە واتای ئەوە نییە کە سادق کەسێکی بێ دین بێت، ئەو نایهەوێت بە ناوی دینەوە دووکانێک بۆخۆی بکاتەوە بەڵام ئەوەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتووە دریغی نەکردووە لە داخستنی دووکانی بەناو دینداران.

سادق هیدایەت لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیدا خوێنەر لەو ڕاستیە ئاگادار دەکاتەوە کە دەرفەتی ژیان لە خۆتان مەکەن بە ژان و ناسۆر بۆ دنیایەکی تر، لەسەر بەڵێنی کەسانێک کە لەسەر حیسابی خوا ئەم دنیایەمان لێ دەکەن بە دۆزەخ و بەهەشتمان پێ دەفرۆشن ...

لە ڕوانگەی سادقەوە ئەوانە کۆمەڵێک دووکانداری ساختەچی فێڵباز و دەست و گیرفانبڕ بەولاوە نین بە ناوی خوا کاسبی دەکەن لەسەر ژیان و ماڵی خەڵک.

ئەوەشی لە کتێبی «حاجی ئاغا»دا بە زمانێکی ئەمڕۆیانە نزیک بە سەد ساڵ پێش ئاماژە پێکردووە ...

حاجی ئاغا لەسەر مینبەر بە ناوی دین حەڵاڵی حەرام دەکەن و حەرامی حەڵاڵ، ئەگەر بزانن لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیانە تەنانەت تا ئەو جێگەیەی لە سادەیی باوەڕی خەڵک

کەڵک وەردەگرن فتوای مەرگیش دەدەن ...
یەک لەو بەرهەمانەی «سادق» کە دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و ئەوی تا ئاستی نووسەرێکی جیهانی بەرز کردەوە ڕۆمانی بەناوبانگی کوندەپەپووی کۆیر «بوف کور»ـە کە لە ساڵی ۱۹۳٦دا بڵاوکراوەتەوە. ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی سوورڕیالییە و ڕۆمانەکە گێڕانەوەیەکی تاکبێژی پچڕپچڕی کەسێکە لە دۆخێکی ڕۆحیی ماندوودا، کەسێک کە ڕۆحی بریندارە و بەردەوام لە ئازاردا دەژی، لەو ئازارانەی هەروەک خۆی دەڵێت: «ناتوانی لەلای کەس باسی بکەیت»! ئەوەی خوێ دەکاتە برینی ئەم پیاوەوە، دیتنی چاوە ئەفسووناوییەکانی کچێکە لە ئێوارەیەکی مانگی گوڵاندا. ئەم چاوانە ژیانی کاراکتەرەکە سەرەوژێر هەڵدەگێڕێتەوە.
کوندەپەپووی کۆیر باس لە ڕۆحی ماندوو، نەسرەوتوو و ئارام نەگرتووی نووسەری ڕۆمانە کە دەقێکی ئەدەبیی جیهانیی لێ دروست دەکات و لەسەردەمی خۆیدا وەک بە ناوبانگترین ڕۆمانی فارسی خوێندنەوەی بۆ دەکرێ کە هەر واشە.
تایبەتمەندی ڕۆمانی «بوف کور» لە دەق و ناوەرۆکدا نەک هەر سنووورە ئەدەبییەکان بگرە سنووورە ژێئۆگرافییەکانیش دەبەزێنێ و بە زۆربەی زمانەکانی دنیا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە و شان لە شانی ئەدەبی جیهان دەدات.
ژیانی بەمەودا کەم بەڵام پڕ بەرهەمی ئەدەبیی، ژیانی کەم بەڵام پڕ لە ژان و ئازاری کۆمەڵگەیەکی بەدەست دووکانی دین و دەسەڵاتەوە قەت بۆ ساتێکیش لەسەر چوارگۆشەی ئەم جیهانە نەیانهێشت سادق هیدایەت ڕۆحی ئارام بگرێت، تاکو دڵی لە ۱۹ی خاکەلێوەی ۱۳۳۰ هەتاوی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا لە پاریس بە گومانی خۆکوژی بە گاز بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت یا وەک دەڵێن خۆی کوشت چوون پێشتریش

هەوڵی خۆکوژی دابوو ...

سادق مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، ئاسایی نەژیا و ئاساییش نەمرد. ئەگەر سەیری ناوەرۆکی هەرکام لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بکەین دەزانین لە گۆشەیەک ڕا دنیای بە موخاتەب وەرگرتووە تا مرۆڤ لەم جیهانەدا خۆی یەکلایی کاتەوە کە بەئەمانت تێیدا دەژی و ڕێبوارە ...

خۆشییەکان و ناخۆشییەکانی مرۆڤبوون لێرەوە دەست پێدەکات و لێرەش کۆتایی پێ دێت.

ژیان بیتاقەیەکی یەکسەرەیە و گەڕەنتی گەڕانەوەی تێدا نییە.

سادق سێ دەیە هەموو هەوڵی خۆی دا کە ڕوانین و جیهانبینی خەڵک بە ڕۆژ بکاتەوە تا لەوە زیاتر نەکەونە ناو گێژەڵۆکەی خەیاڵاتێک کە دروست کراون و هیچ پەیوەندییان بە سەرچاوەی ئایینیی و عیرفانیی و زانستەکانەوە نییە کە بەشان و باڵیدا هەڵدەڵێن هەروەک لە کتێبی «حاجی ئاغا»دا دەڵێ: ئەوە کاسبییە و لەپێناو گیرفانیان بە دین و ئیمانی خەڵکی دەکەن دەنا خۆشیان باوەڕیان پێی نییە ...

## پێشەکی وەرگێڕ

لە ژیانمدا گەلێک برینی تەشەناکردوو و ناسۆرم چێشتووە، زۆر شەو و ڕۆژان لە قوژبنێک بە زگی برسی و تەنیا ماومەتەوە، بێکەس و ماڵ بەکۆڵ، بێ دەسەڵات و غەریب و غەوارە تەنانەت لەخۆم، هیچ کەس نەبووە پەنای بۆ بەرم و ئازار و ژانم سارێژ بکاتەوە و کوڵی دڵمی بۆ هەڵڕێژم، باوەشێک نەبوو لەخۆم بگرێ و پڕبەئامێزی ڕێکم کوشێ و خۆشەویستییەکی دڵۆڤانی هەبێ، هیچ کەس پەنای نەدام. پێکەنین و خۆشی و سەیران و ڕابواردن و گەڕان، تەنیا خەیاڵێک بوو کە شەوانە بە زگی برسی لە خەودا دەمدیت. ڕەنگبێ زۆر کەس ئەمە بە گومانەوە بخوێننەوە و بە گەمە و گاڵتە و ڕانان، ئەم قسانە بە چیرۆک وەرگرن، مرۆڤەکان هەتا ئەزموون نەکەن باوەڕ ناکەن و تێناگەن.

لەو ڕۆژەوە سێ چوارپێ (سەگ) لە دەشتی گەرمێن لە دۆخێکی پیس بەهانامەوە هاتن و لەباوەشیان گرتم و بەبەزەوە دالْدەیان دام، ڕوانینم بۆ هەرچی ئاژەڵ و گیاندارە گۆڕا و پلەیان لای من لە زۆر بەناو مرۆڤ بەرزتر بۆوە و هەتا ماوم بە ڕوانینێکی تایبەت و پڕ لە ڕێز دەڕوانمە هەرچی ئاژەڵ و زیندەوەرە.

ئەو نووسراوەیەی سادق هیدایەت کە یەک لە بلیمەتەکانی قەومی فارسە، گەلێک جوان و ناوازەیە. ئەگەرچی سادق هیدایەت بە جۆرێک بە باوکی چیرۆکنووسیی ناسراوە بەڵام لەهەمان

کاتدا ڕووناکبیرێکی مەزنیش بووە، هەڵبەت بۆ منی کورد بە گۆشەنیگایەکی دیکەوە جیاوازە، بەو مانایە ئەو تاقمەی هیدایەت و محەممەد عەلی جەماڵزادە و سادقی چووبەک، بوزورگی عەلەوی و ... وێڕای هەموو خزمەتەکانیان بۆ ناوەندگەراکان، ئێرانچی بوون و لە نووسراوەکانیاندا خەتیان خوار دەکرد و باوەڕی تەواویان بە «نەتەوەی ئیرانیی» و ناسیونالیزمی چەواشەکار و وەهمیی ئێرانییەوە هەبوو کە ئەمە بۆ من قەت جێی قبووڵکردن نەبووە و نابێ. جیا لەمە ئەم دەقەی هیدایەت کە دەمێکە خوێندوومەتەوە و تەنانەت بۆسەر زۆر زمانی دیکەش وەرگێڕدراوەتەوە (بە کوردیشەوە)، هەرنەبێ بۆ جارێکی دیکە با ئەو بیرۆکە پیرۆزە بخاتە مێشکی ئێمەمانان و بە چاوێکی دیکەوە و بە ڕوانینێکی ئاوەڵاترەوە بڕوانینە مافی ئاژەڵان و پرسی پاراستنی گیانلەبەران.

هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکم بە مافی ئاژەڵان کردبێ و ئەو بەشە لەو مرۆڤانەی کە هەتا ئێستاش لە نیشتمانەکەم ڕاوچین و ئاژەڵانی کێوی بەناحەق دەکوژن، لەسەر باوەڕی پاشکەوتوو و بە پاساوی سەقەت و نەشیاو ئازار و ئەشکەنجەی ئاژەڵانی دیکە دەدەن و لێیاندەدەن و بێ ڕێزیان پێدەکەن، واز بێنن و بگەنە ئەو قەناعەتە کە، ئەوانیش وەک ئێمە خوڵقاون بۆ ژیانێکی سەربەست و ئازاد.

لەکۆتاییدا سوپاسی کاک بیژەن قارەمانی بەڕێز دەکەم کە زەحمەتی کێشا و پێشەکییەکی پوخت و پاراوی نووسی، هەروەها وەک هەمیشە دەستی ئەمەگی کاک مراد بەهرامیان دەگووشم بۆ دیزاین و پێداچوونەوە و هەموو زەحمەتەکانی تر.

پێشکەش بە سەرجەم ژینگەپارێزان و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی ئاژەڵان لە کوردستان و جیهان.

**سەلیم حەقیقی**

ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاویی

زستانی ٢٠٢٢ی زاییینی

## بەشی یەکەم

ئازاری مەدە مێـرووی زەحمەتکێش
ڕۆح لەبەرە و گیانی شیرینی خۆش

سەرەتا دەبێ بزانین جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لەچی دایە. بەگشتی زۆربەی بیرمەند و زانایان لەسەر ئەوە کۆکن بنەما و شێوەی سیستەمی لەشی ئاژەڵ و مرۆڤ ڕێک وەکوو یەک وایە، تەنیا جیاوازییەکی کەم نەبێ ئەویش لە زیندەوەری تر بەنیسبەت یەک بەدی دەکرێ وەک: ئاژەڵانی مەمکدار تەک باڵندان و باڵندەکان لەتەک خشۆکەکان. لەم بارەوە هیچ کێشەیەک نییە بەڵام لە بواری ویستی سروشتی (Instinet) هەست و ئاوەز و هۆشی ئاژەڵان گرفتێک دێتە ئاراوە.

زانایان لەم بوارەوە دژبەیەک دەدوێن و بیر دەکەنەوە، هەندێک دان بە ڕۆحی ئاژەڵ دادەنێن هەڵبەت جیاوازی نێوان ڕۆحی ئینسان و ئاژەڵ بە قۆناغبەندییەکی تایبەت دەزانن ئەوە لە حاڵێکدایە تاقمێکی تر بە هیچ کلوچێک باوەڕیان بە ڕۆحی ئاژەڵ نییە و دەڵێن: «وای دابنێن لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ هاوشێوە بێ، بەڵام هیچکات هێزی مەعنەوی ئەو لەگەڵ ئاژەڵ پێکەوە هەڵناسەنگێندرێن و مەودا و جیاوازیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە و لەیەکتر هەڵیانداوێرێ».

لە نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە و لای هەرکام لەمانە هەرجارێ بیروبۆچوونێک دەگۆڕدرێ، لەلایەکی تر زانایانی مێژووی

سروشتی دوو بەشن و بەردەوام پێکەوە لە قسە و شەڕەدنووکەدان، بەشێک لەوان مرۆڤ بە سەرقافڵەی ئاژەڵانی مەمکدار دەزانن و هەندێک بە باشی نازانن مرۆڤ بخەنە ناو بازنەی ئاژەڵان و دەیانهەوێ پلە و پایەیەکی بەرز و بێ هاوتای لە نێو بوونەوەراندا بۆ دەست نیشان بکەن.

پاسکال پێی وایە مرۆڤ شتێکە لەنێوان فریشتە و بوونەوەر، ئەمە بیرۆکەی سەرجەم زانا و لێکۆڵەرانی ڕۆژهەڵاتییە واتا، «هەرکات بە دوای مەیل و تامەزرۆیی قێزەوندا بگەڕێی» وەک دەفەرموێ: «ان هم الا کالانعام بک هم اضل سبیلا» ... (وەک ئاژەڵ نا بەڵکوو خراپتر) یانی لە ئاژەڵیش نزمتر. بە پێچەوانەوە ئەگەر دڵ و دەروونی خۆی خاوێن بکاتەوە و و مەشقی نۆژەنکردنەوەی ئاکار و ڕەوشتپاکی و نەفسی خۆی بکا، پلەی لە ئاستی فریشتە نا، بەڵکوو لەو بەرزتریش دەبێتەوە. بەڵام ئەم شرۆڤەیە بەدەر لە زانستە و تەنیا بەکەڵکی عیرفان و خواناسی دێ.

ئەگە مرۆڤ لە ڕوانگەی فەیلەسووفانی سەرووسروشت و عارفان گرینگایەتییەکی ئەوتۆی هەیە، بەبڕوای زانایان و لێکۆڵەرانی زانستی سروشتی، مرۆڤ هەر چەندە لە باری چۆنیەتی پێکهاتەی ئەندام و لەشی لە ئاژەڵانی تر ڕێکوپێک ترە بەڵام زێدەتر نییە. لە سۆنگەی بیری زانستی ئاژەڵانیش هەر لەو ماکە چێکراون کە مرۆڤی پێکهێناوە ئایا هەروەک ئاژەڵ لە چاوەیەکی(Cellule) نەناسراو پێک نەهاتوە؟ زانستەکانی(البلدان، الانساج، الجنین و معرفت الارواح) هەرکام بە نۆرەی خۆیان دەیسەلمێنین، پێشکەوتن و گەشە و نەشەی ئەم چاوانە گۆڕانکارییەکی وەک یەک لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ دروست دەکا، هەروەها هەردووک ئەندامی ڕەگەز و بنەڕەتییان هەیە کە هەرکامیان ئەرکێکی

تایبەتییان بۆ دیاری کراوە، ئەمە هەمان بۆچوون دەسەلمێنێ واتە لە هەواوهەوەسیشدا وەک بەشەکانی تر جمکن!

مرۆڤی گەوج و نەزان، کێوی یان منداڵ هەتا ئەوکات لە ژیار و شارستانیەت و وردبونەوەی فەلسەفی بێبەشە، لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ جیاوازێکی ئەوتۆ دانانێ، چونکە دەبێنێت ئاژەڵ وەکوو ئەوان دێنودەچن، دەخوا، دەزێ، بێچووەکەی مەمکی دەمژێ، دەیانپارێزیت، جار دڵخۆشن و جاریش بێ کەیفن، شەڕویاری دەکەن، کە هەستی بەژان کرد هاوار دەکا و لە ئاکامدا چارەنووسیان وەکوو یەکە. بەشێوازێک لە دایک دەبن، پێداویستیی هاوبەشیان هەیە و ڕۆژێکیش دادێ دەمرن، کەوابو بە بیرتەسکی و هزری سەقەتی خۆیان بەو ئامانجە دەگەن کە، ئاژەڵیش گیانلەبەرێکە وەک ئینسان، نزمتر، بەرزتر یان بەرامبەر؟ ئەمە ئیتر نازانن و ئەوەی کە بۆیان ناڕوونە بریتییە لە کڕبوون و بێدەنگییەکەیان کە بە پاساوەوە دەڵێن هێمای غەریبی و بەستەزمانییانە. هەروەک چۆن خەڵکی ئاسایی لەو باوەڕەدان نەگریانی پشیلە بۆ حەیا و شەرمێونی دەگەڕێننەوە و بێ دەنگیی سەیر و شێوازی غەمگین و بیرمەندانە و تێڕوانینیشی بە جندۆکە دەشوبهێنن! هەروەها کۆمەڵێک لە پێشینیان و تەنانەت ئێستاش ڕێزێکی تایبەتیان بۆ داناون، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی باوەڕی بەتاڵی (عقیدە باطل) گیانەوەرپەرەستی کە پەیوەندی بە ئایینی دۆنادۆنەوە (تناسخ) هەیە.

باشترین و وێچووترین ڕستە لەمەڕ باسی مرۆڤ ئەو دێڕەی ئەرەستوویە کە دەڵێ:

مرۆڤ ئاژەڵێکی ئاخێوەرە. هەڵبەت مرۆڤ بەو پێیەی کە لە ئاژەڵەکانی تر پۆشتەترە خاڵی هەڤیازی زەینی و مەعنەویشی زیاترە، هەندێك لەوانە تایبەتە بە خۆی، بەڵام لە جۆرەکانی

دیکەی هێز بە شێوەی نابەرامبەر لەتەک ئاژەڵ هاوبەشە. بەڵام جۆرە هێزێکی تر هەیە کە ئاژەڵ بە سەر مرۆڤدا زاڵ دەکا، بۆ نموونە وەک چوارپێ (کسۆک) بە وەفاداری، کۆتر بە سۆز و ئەوین، مێروو بە ماڵ کۆکردنەوە، مێشهەنگوین بە بەڕێوەبەری کاروباری خۆی، وشتر بە قنیات و ... بە وردی دەبێ بۆی بچی و بیانناسی. ئەوەش نابێ لەبیر کەین بەشی زۆری پسپۆڕان و زانایان هەڵسووکەوت و ئاکاری ئاژەڵ لەگەڵ مرۆڤێکی پێگەیشتوو و نموونەیی کە بەدووره لەهەر چەشنە کێشە و کەموکوڕییەک هەڵدەسەنگێنن و ئەمەش لەڕاستیدا خیانەتە بە ئاژەڵ. جێی خۆیەتی وەبیرخۆمان بێنینەوە ئێستاش تۆرەمەی مرۆڤی هۆڤی و چەختی کە بەڕاستی نەتەنیا لە ئاستی زیندەوەر دانین بەڵکوو گەلێک نزمترن بوونیان هەیە، خەڵکانی «کاراییب» کاتێک خواردنەکەیان پێ خۆش دەبێ و چێژی لێ دەبەن دەڵێن «ئەوەندە بەتامە وەک گۆشتی مرۆڤی مردوو!» پێویست ناکا زۆر دوور بڕۆین لە ناوەندی نەتەوە پێشکەوتووەکاندا کەسانێک هەن زۆر لە ئاژەڵان نزم و پەستتر. «فلاماریۆن» لە کتێبی «پاش مردن»ی خۆیدا دەڵێ: بوونەوەرگەلێک هەن زۆر وریاتر لە هەندێک ئینسان. جێگای سەرسووڕمانە فەیلەسوفی گەورە «دێکارت» کە زۆر تۆخ و ویشک باوەڕی بە کەسایەتی مرۆڤە، ئاژەڵ وەک کەرەسە و ئامێرێکی بزۆز دەشوبهێنی. ئەمەش هەڵەیەکی نەبووردراوە، چونکە هەر ئەو باسە بوو بەهۆی ئەویکە بەشێوەیەکی پڕتوندوتیژ هەڵسووکەت لەگەڵ ئاژەڵ بکرێ و تا ئێستاش بەردەوام بن. هەروەک چۆن «مال برانش» قوتابی فەلسەفەی دێکارت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی! هەمووکات لە سەگە بەستەزمانەکەی خۆی دەدا، ڕۆژێک لەو کارە نەشیاو و ناڕەوایە ئاگاداری دەکەنەوە وڵام دەداتەوە: چما

ئێوە نازانن ئاژەڵ هەست ناکا؟! هەڵبەت فەلسەفەی ئەو سەردەم لەگەڵ ئیمڕۆ گەلێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هزری دێکارت بە تەواوی هێڵی سووری بە سەردا کێشراوە و بەگاڵتەوە سەیری دەکرێ. بەڕاستی مرۆڤ دەبێ کوێر و نەزان بێ یان قەت زیندەوەری نەدیبێ هەتا گومانی لە ئەقڵی ئەو هەبێ. گیاندار پێکهاتووە لە ڕۆح و جەستە، توخم و جەوهەری ڕۆح، ویستن و بیرکردنەوەیە، ماک کاتێک لە ڕۆح جیادەبیتەوە کە لەبەریەک هەڵوەشێتەوە. لە نێوان ڕۆح کە بەردەوام لە بیرکردنەوە دایە و ماکیش کە هیچکات بیر ناکاتەوە نابێ یەک بنەمایان بۆ دابنێین. چما ڕۆح لە چ پێک هاتووە؟ جگە لە هۆش و ویستن و سۆز کە لە ئاژەڵدا بەدی دەکرێ! لێرەدا پێویستە هۆش و وریایی ئاژەڵ بە هەڵە تێکەڵ بە حەزی سروشتی نەکەین، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کاروباری مێشکی یان خواستی زاتی و سروشتی ئاژەڵدا هەیە، کە دەبێتە هۆش و حەزیی سروشتیی. ویستی سروشتیی یانی تەواوی هەڵسووکەوتی ئاژەڵ کە ڕێک وەک پێداویستی بنەمای ژیان بەبێ وانە و ڕاهێنان کاری بۆ دەکا و گۆڕانیشی بەسەردا نایەت. بەڵام لە هۆش و مێشکدا بە گشتی سەرجەم هەڵسووکەوتەکان بۆ پەروەردە و ئەزموون دەگەڕێتەوە و بگۆڕن. لە حەزیی سروشتیدا گشت هەڵسووکەوت، زاتی و سرشتییە. سەگاو هێلانەکەی خۆی بێ ئەوەی فێری بکەن هەڵدەچنێ، ئەم کارە بۆ ئەو فەرز و پێویستە چونکە کاتێک کە سەرقاڵی چێکردنە هێزێک بەردەوام هانی دەدا بۆ دروستکردن. هەموو کاروبارێکی هۆش و مێشک لە سەر بنەمای ئەزموون و ئیش و ڕاهاتنە. ئەسپ بۆ لە بڕیار لا دەدا؟ چونکە نایهەوێ ژێر دەستە بێ، پێی خۆشە ئازاد و ڕزگار بژیت بەهەرحاڵ بۆ زانست چەتوونە لە

ڕۆحی ئاژەڵ یان مرۆڤ تێبگا و بتوانێ شتێک بە دەست بێنێ کەوابوو بنەمای هزر و خەیاڵی خۆی تەنیا دەتوانێ لە سەر کەرەستەی دەرەکی ئەو هۆشە دابنێین.

کەسانێک ئاژەڵ و مرۆڤ پێکەوە هەڵدەسەنگێنن، لە ئاکامی تێڕوانینی خۆیاندا دان بەوە دادەنین کە ئاژەڵ هەست دەکات، نێوبژێوانی دەکات بە کەیف و ویستی خۆی. واتە وشیار و بەهۆشە. لە باسی هەوا و هەوەس و سروشتی جۆراوجۆری نێوان ئاژەڵ و مرۆڤیش بەم ئاکامە دەگەین. گیاندار سۆز و خۆشەویستی دەردەبڕێ، تووڕە دەبێ، دەشێوێ، چاوچنۆک و بەرچاوتەنگە یان پشوودرێژە و متمانەی بەخۆی هەیە لە ئاژەڵگەلی دەستەمۆ ئەم جیاوازییە زۆرتر بەرچاو دەکەوێ. کێیە کە نەیدیبێ سەگ کەیف خۆش یان خەمۆکە، دلۆڤان یان هار، تەوەزەل یان بزۆز، زۆرخۆر یان ڕازیبەبەش، خاوێن یان پۆخڵیو، ترسەنۆک یان دڕ نەبێ؟ لەگەڵ کەسێکی دیار دەبێتە یار و یاوەر و کاتێک هەستی بە دۆستایەتی کرد کلکی بۆ ڕاوەدەشێنێ یان بە پێچەوانە پێی دەوەڕێ. ژینگە و پەروەردە لەسەر ئاژەڵ شوێن دانەرە؟ لێرەدا وێنەیەک لە هەزاران دێنینەوە:

دۆپێن دی نمۆر (Dupont de nemours)، لە بارەی وشیاری فیل ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە: فیلێکی باخچەکانی میوەی پاریس فێر ببوو لەو کەسانەی کە بۆ دیتنی دەهاتن قەند و نانی شیری وەردەگرت. چونکە بۆ تەندروستیی بە زەڕ بوو، چیتر نەیانهێشت خەڵکانی گەشتیار ئەم خواردەمەنییەی پێبدەن، پاسەوانێکیان بۆ دانا، فیلەکە هەستی بەوە کرد ئەوە پاسەوانە پێش بە پێدانی خەڵاتی خەڵک دەگری، بۆیە لێی نزیک بۆوە و بە ئەسپایی چەکەکەی لە شانی کردەوە و شکاندی و فڕێی دا!

ناکرێ باوەڕمان بە ئیرادەی ئاژەڵ نەبێ. پڵینگێک لەکاتی ڕاو لە نێو چرپی و گیای چغوور خۆی حەشار دەدا بە وریایی هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پیش خۆی دادەنوێنێ بۆئەوەی کە نێچیر نەیبینێ، ئەو باش دەزانی چ بکا. تووتک یان بێچووە پشیلە کاتی یاریکردن لەگەل یەکتر خۆ پێک دادەن و یەکتر دەگرن بێ ئەوەیکە یەکتر بریندار بکەن ئەوان دەزانن مەبەستیان تەنیا کایە و گاڵتەکردنە، سەگ هەواوهەوەسی خۆیا ناکا و خۆی لە نەزانی دەدا کەوابوو لە کاروباری خۆی ئاگادارە. ئاژەڵ بۆ بەیانکردن و دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی دەنگی هەیە، بە شێوەی جۆراوجۆر هاوار دەکا وەک، قەڵسی (تووڕەیی)، سۆز و ئەوین، تکا، ژان، پەشێوی و ... لە هەمان کاتدا ئەو خاڵە بەهێزەیان هەیە کە زمانی ئێمە دەزانن (حاڵی دەبن، تێدەگەن) ئەوە لە حاڵێکدایە ئێمە مانای دەنگی ئەوان نازانین. مرۆڤ لەهەر وڵات و نیشتمانێک بێ زمانی هاوڕەگەزی خۆی دەزانێ، بەڵام ڕوسییەک، ئینگلیسی و ئاڵمانی و چینی نازانێ و لێیان تێناگات مەگە پاش ئەوەی کە فێری ئەو زمانانە بیت.

ئایا مرۆڤ دەگاتە بەو ئاستە لە غیرەت و شەهامەت کە دان بە وریایی و هزری ئاژەڵ دابنێت، چ گەورە و چ بچووک، لە فیل هەتا مێروولە، پەڕەسێلکە و ...؟ سروشتی دلڕفێن و هۆشێکی هەتا ڕادەیەک باش ئەمانەمان پێ نیشان دەدەن. بەم واتایە دەربڕینی دەرەکیی ڕۆحیش ناتوانێ بە تەواوەتی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا بکاتەوە.

# بەشی ٢

«لە ناو ئاژەڵاندا هەموو شتێک شاراوە و نهێنییە» (میشلە)

مرۆڤ کاتێک لە ئاستی بەرزی هۆشی ئاژەڵ تێبگا، دەتوانێ لە خۆی بپرسێ هەتا چ ڕادەیەک دەبێ مافیان بپارێزیت؟ ئایا دەکرێ هەموو ئەو گیانلەبەرانەی وەک بەشەر خولقێندراون و بەدوای بەختەوەری لەم ڕۆژگارەدا دەگەڕێن و تێدەکۆشن کە ئەمەیان خاڵی هاوبەشی هەموو گیاندارێکە، لە ناو بچن؟ ئەو باڵندانەی قازانجیان بۆ کشتوکاڵ هەیە، دەبینین هەموو ساڵێک بە هەزارانیان لەلایەن مرۆڤی خوێنڕێژی چەپەڵ ڕاو دەکرێن و دەکوژرێن، بەند دەکرێن و لە ئاکامدا لەناو دەچن.

ئایا ئەمە ڕەوایە و ئەم کارە قیزەونە پێویستە؟ نەخێر بەهیچ شێوەیەک، گشت ئەم کارانە دەگەڕێتەوە سەر چێژ و هزری بنیام، دەتوانین بە مەرجێک هەتا ڕادەیەکی نەزۆر و بە شێوەیەکی ئیجابی بۆ خزمەت و بەرژەوەندی خۆمان بە مەرجی پاراستنی مافیان کەڵکیان لێ وەرگرین بەڵام بۆ مرۆڤ کە بە باوەڕی خۆی لە هەموو گیانلەبەرێک مەزنترە، خۆی پێ خاوەنی زەوییە و بە مەیلی خۆی لە مێش، هەنگوێنەکەی لە مریشک هێلکە، لە باڵندە نازدارەکان بێچوەکانی لە مانگا شیر و گوێلکەکەی و ئەسپ بۆ کاری چەتوون و حەزی

خۆی یەخسیر بکا و مەڕیش بە قوربانی زگی بکا ...!!

بنیام دەستەڵاتدار و خاوەن حوکمە، ئەوەیە ئەو زانست و گشت بیروبۆچوونی فەلسەفەکەی. ئەو دەستەڵاتی هەیە کەڵکی نابەجێیان لێ وەردەگرێ و خۆی بە سەریاندا بسەپێنێ و خۆی وەک نوێنەری چاو سووری مەرگ بناسێنێ، بەڵام چ لە بیر و هەست و چارەڕەشی ڕۆحی ژێر دەستانی دەزانێ؟ هیچ!

زەلامی لاوازکوژ خۆی وەک زاڵم و پەستترین گیانلەبەر بە زیندەوەران ناساندووە، بە دیلیان دەگرێ، بەندیان دەکا و بەجۆرێک هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکا کە مردن بە ئاوات بخوازن.

زۆری پی ناچێ باشترین جۆرەکانی ئاژەڵ کە بۆ مێژووی سروشتی بەڵگەن، وەک فیل(بەهۆشترین ئاژەڵ) لە ژێر ئەشکەنجەدا لەناو دەچن بەم جۆرە سەگاو، وشترمر، مەیموونی مەزن و زۆری تر کە گۆشت و پێستیان بە کەلک دێ بە دڕندانەترین شێوە ڕاو دەکرێن و دەکوژرێن.

هەمووکاتێکیش ئەو هۆکارانە بە پاساو دێنیتەوە کە بە قازانجی خۆی تەواو دەبێ واتە بۆ سەلماندنی نزمیی، گەوجی، قیزەونی و شەڕاژۆیی ئاژەلان، کە ئەمەیان لە خەیاڵی خاوی خۆخوازی و پەستی و نزمی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ.

شەڕاژۆیی ئاژەڵ بوختان و تۆمەتە، ئەو زاراوەیە بۆ خۆپەڕاندنەوەیە و مرۆڤ بۆ قازانجی خۆی دایهێناوە. ڕاستییەکە ئەوەیە مرۆڤ بیرەوەرییەکی خۆشی بۆ ئەوان نەبووە و هەر ئەم بێ ئاکارییەیە ئاژەڵ شێت و ماخولیا دەکا. بۆچی باڵندە وردیلە و بچووکەکان بە ئازادی و سەربەستی لە ژێر پێی ئەسپ و لە سەر ملی کەڵ و گامیش دێن و دەچن؟ چونکە بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتووە لەلایەن ئەم

ئاژەڵانەوە ئازار نابینن بەڵام لە بوونی مرۆڤ دەڕەونەوە. ئەوان باش دەزانن بنیامی ناجسن زاڵم و مەترسیدارە. ئەو ڕەوینەوە و دەرباز بوونە هێمای ڕێزدانان بۆ مرۆڤ نییە و مرۆڤ لەبەر چاوی ئاژەڵ، بوونەوەرێکە وەک باقی زیندەوەرانی دیکە و لەسەر شانی و لەنێو چاوانی تیشکی پیرۆزیی نادرەوشێتەوە و ئەم دیمەنەی لێ وێنا ناکەن و هەتا ئەوکاتەی مرۆڤ نەناسن، ئەو وەک خولقاوێکی دووپێ کە هەستان و دانیشتنی لای ئەوان سەیروسەمەرەیە هیچ تێبینی و هەستێکی تایبەتی دیکەیان بۆ مرۆڤ نییە.

ئاژەڵگەلی لەوەڕخۆر وەک فیل، ئەسپ، ئاسک، مامز و ... هەتا ئەو کاتەی لە بارەی بنیام دوودڵ نەبوون یان بە واتایەک ژانی جێ شەقیان لێ نەزانیبوو هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەدەدی بەڵام هەرکە مرۆڤ بوو بە هۆی سەر ئێشە و ئازاردانیان، لەبەری هەڵاتن و ڕەوینەوە.

ئەو گەڕۆکانەی بۆ یەکەمجار سەردانی ئافریقایان کرد دەگێڕنەوە کە دەستەیەکیان کەرەکێوی، ئاسک و مامز دیت سەرقاڵی لەوەڕ بوون بە دیتنی ئێمە نەڕەوینەوە بەڵکوو بۆ لامان هاتن بەڵام هەرکە دیتیان هاوڕێیانمان (مرۆڤەکانی تر) بە زەبری باڕووت و فیشەک لە خوێنی خۆیان دەگەوزێنن بۆیان دەرکەوت مرۆڤ دوژمنی قەستی سەریانە و ڕایانکرد. سەگەئاوەییەکانیش بۆ یەکەمجار بەلای پاپۆڕە هەڵمییەکان بەسەرسووڕمانەوە هاتوچۆیان دەکرد پێیان شتێکی سەیر بوو کە ئەو ئاژەڵە دووپێیانە سواری چ بوونە بەڵام هەر ئەوەی کە ئەم دەحبا نارێکانە وەبەر گوللە و قۆنداخەی تفەنگیان دان، بە ساویلکەیی خۆیان دۆڕاندیان و دواتریش کێشک و پاسەوانیان بۆخۆیان دانا بەڵام بەداخەوە ئیستا ژمارەیان زۆرکەم بۆتەوە. هیچ بوونەوەرێک بەبێ هۆ دڕ و هار نەبووە و نابێ مەگە

بەناچاری نەبێ لەحاڵێکدا مرۆڤ لە دڕترین ئاژەڵەکانە ...!
وا باشە ئەو تۆرەمە نزمانەی مرۆڤ کە هەتا ئیستاش بە چەختی و هۆڤیانە دەژین لەبیر نەکەین، ئەگەر بە دروستی و هەقانییەتەوە ڕەوشی مرۆڤ و ئاژەڵ پێکەوە هەڵسەنگێنین دەبینین زۆر کەمتر شۆڕش و ناکۆکی لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدا و ئەگە ئەوان شەڕ و کوشتن دەزانن زۆر بە دەگمەن ئەو دیاردە دزێوە، ئەو شەڕ و کوشتارە و ئەو هەموە فێڵ و گزی و دهۆیە لە نێوانیاندا دەبیندرێ و ئەگە هەتا ئێستا مرۆڤی ئینسانخۆر هەیە، لە ناو گورگاندا گورگخۆر نابیندرێ! کەوابوو لە ئاست ئەو هەموو کارە نزمە، پەست و قیزەون و نەشیاوە ناچار دەبین دان بەوە دابنێین کە: مرۆڤ دەحبایەکی پیس و گلاو و گەندەڵە.
ئەم بەشە تەواو ناکەم هەتا لە دەرفەتێکی تردا بسەلمێنم گیاندار لە مرۆڤ سەرترە و ئەوە مرۆڤە پێویستی بە هەبوونی ئاژەڵە و بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵکی لێوەردەگرێ؛ ڕاستە هەندێکیان بوونەتە هاوڕێ و هاوبەشمان بەڵام نابێ لەبیر بکەین هەرچەندە بۆ یارمەتی و ڕابواردنی خۆمان ڕامانگرتوون دیسان زۆرجار بەو پەڕی توندووتیژی و بێڕێزی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکەین. ئەگە پارووە نانێکیان دەدەینێ لە بەرامبەردا دوو ئەوەندە کاریان پێ دەکەین. هەموو ئاژەڵان بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەست خولقاون، باڵندە بۆ قەفەس چێ نەکراوە، ئەسپ و گوێدرێژ بە کورتانەوە نەزاون با ڕوونتر بڵێم بەشەر ئەوانەی لە سروشت دزیوە و بۆ هەرکامیان ئەرکێکی داتاشیوە، مرۆڤ نەک هەر بە یارمەتی ئاژەڵان دەژیت بەڵکو دەیهەوێ لە ئارەقە و خوێن و گوشتی ئەوان باشترین ژیان بۆخۆی دروست بکات لە حاڵێکدا خۆی بێچارەترین و چارەڕەشترین ئاژەڵی خوڵقاوە. ئەو خۆبەزلزانین و

خۆخوازیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خۆی هاوپلەی خوا بزانێ و بە ئەشرەفی مەخلوقات پێناسە بۆخۆی بکا و بە دڵی خۆی زوڵم لە ئاژەڵان دەکا و دەیانچەوسێنێتەوە (مافیان پێشێل دەکا)، بەکەیفی خۆی هێزیان دەداتێ یان لێیان دەستێنێتەوە، لە کاتێکدا هیچ پەیوەندییەک لە خەون و خەیاڵی ئاژەڵ و بنیامدا بوونی نییە. ئەوە ڕاستە کە مرۆڤی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو لەهەمبەر ئاژەڵان بەرزترە، بەڵام ناکرێ دان بەوەش دانەنێین ئەوانیش خاڵی بەهێزتریان لە ئێمە هەیە چونکە ئێمە دەبێ هەموو شتێک فێر بین بەڵام ئەوان ئەوەی کە دەبێ بیزانن، دەیزانن. ئەو ئاوەزەی کە خۆی پێ ڕادێنین و پێی دەنازین و بۆتە مایەی شانازیمان هەر چرکەیەک فریومان دەدا، مەیلی سروشتیی هیچکات ئاژەڵ بە لاڕێدا نابا، بە زەرەری خۆیان هەنگاو نانێن، دەزانن کە حەزی سروشتی خۆیان لە کوێ بە کار بێنن جا چونکە دەزانن چۆن و کەی ویستی سروشتی خۆیان دەرببڕن تووشی هەتڵە نابن. ناکرێ بڵێن ئاژەڵان هەموو سات بە یەک شێوە دەژین یان چالاکی دەکەن، ئەوان زۆرجار شێوەی ژیانی خۆیان بە پێی ڕەوش و دۆخی ژینگە دەگۆڕن و ئەم شێوازەش کاتییە، هەرکاتێک ئەو لەمپەر و کۆسپە لە سەر ڕێگەی شێواندنی ژیانیان نەما ژینی ئاسایی خۆیان دەست پێدەکەنەوە. بەجۆرێکی دیکە دەتوانین بڵێین ئەوان لە بەر نەفسی دەروونی خۆیان باری ژیانیان تێک نادەن، تەواو ئاگادارن و بەپارێزەوە دەجووڵێنەوە. ئایا قەت هەڵکەوتووە بە پێچەوانەی سروشت و هۆش و نەزانین بە ئاقارێکی لاردا بڕۆن؟ نەخێر ویستی سروشتی و ئاوەز لەنێوانیاندا پڕە و پێکەوە وتووێژ دەکەن، لێرە دایە دەڵێن مێشکی ئاژەڵان نەرێنییە و هیچکات لە هێڵی تێپەڕینی بازنەی دیاریکراوی خۆی دەرناچێ و ڕێگای پێشکەوتنیان

گیراوە، ئەم قسەیە ڕاست نییە چونکە بنیامیش لە سەرەتادا هیچی نەبووە و ئەگە لە دەستپێکی منالییەوە ئێمەیان لە بەلاو مەترسییەکان نەپاراستبا و خواردن و خورادنەوەیان بۆ دابین نەکردباین، هەڵبەت زیندوو نەدەماین. پێشکەوتن بۆ ئێمە باشە بەڵام کە پێداویستی سەرەتاییمان بۆ دابین کرا بە دوای کۆمەڵێک زانیاری دەگەڕێین کە بەرژەوەندیمان دەخاتە مەترسییەوە، ئاژەڵان پیشە، زانست، شارستانیەتی دەستکردی ئێمەیان پێویست نییە سروشت بە پێی ئەو کەش ومەرجەی تێیدا دەژین بۆیان پەروەردە و ئامادە دەکا. پێ بۆ هەلاتن و بەرگری کردن، ئەندامی مەلە بۆ مەلەکردن، باڵ بۆ فڕین، کەرەسەی تر بۆ کار و خواردەمەنی و بژیوی ژیانیشیان لەبیر نەکراوە و لەوە زیاتر چتان دەوێ؟

دەڵێن ئاژەڵان وەکو ئێمە ئازادیان نییە و گیرۆدەی نەفسی دەروونی خۆیانن. ئایا ئێمەش بە نۆبەی خۆمان سەری بۆ دانانەوێنین؟ بۆ ئەو کەسانەی کە وەرزشی ڕۆح و نۆژەنکردنەوەی دڵ و دەروونیان دەکەن و توانای نەخواردن و نەچێشتنیان هەیە هێزی تایبەتیان بۆخۆیان سازکردووە کە ئەمە بۆتە لەمپەرێک بۆ بەرگری کردن لە هەواوهەوەس ئەو کەسانە دەگمەنن. لە بەرامبەردا چەندەها کەس هەنە سەرشۆڕی زگ و بەرزگیانن؟ واباشە هەر کڕ و بێدەنگ بین چونکە ئاژەڵ لە کاتێکی دیاریکراو بۆ لەناو نەچونی هاوڕەگەزی، نەک بۆ چێژ و هەوەس بە بڕیاری یاسای سروشت پێکەوە جووت دەبن بەڵام مرۆڤ ...؟

هۆکارێکی دیکە کە بۆ مەزن بوونی مرۆڤ دێننەوە ئەوەیەکە، بەشەر زاڵە بە سەریاندا لە باڵندەی حاسمانەوە بگرە هەتا ماسی دەریا دیلی بەردەستمانە، بەڵام ئەم پاساوە قۆڕییاتە چونکە هێز و زەبروزەنگ هێزێکی دنیاییە (کەرەستەییە)،

ڕەوشتی ئەو بە تەواوی دژی داواکارییەکەیەتی، هیچ شتێک بە هاسانی کوشتن و لەناوبردن نییە چەندە نەتەوەی مێژوویی بە دەستی مشتێک هۆڤی خوێنمژ لە ناو چوونە و ناویان لە مێژوودا ڕەش بووەتەوە؟

ئێمە گەلێک لەخۆبایی بووینە و بەتاسەوە سەرهەڵدێنین کە مرۆڤین، زۆر کارمان کردووە ناشزانین کە بەبێ ئاژەڵ هیچمان لەدەست نەهاتووە و ئەگە لەخۆبردوویی و کۆڵنەدانی ئەوان نەبوایە ئێمە گەلێک کارمان پێنەدەکرا.

بنیام بە هۆی هەستی خۆبەزلزانیی وا بیر دەکاتەوە گشت زیندەوەرێک جگە لە خۆی بۆ ئەو نەخولقاوە و دەبی بەهەموو شێوەیەک کەڵکی لێوەرگرێ، سواری بی، بیکوژی (لەناوی بەرێ)، بیخوا و ... و بەوەش دەست هەڵناگرن. ئەو پەیکەرەی ئاکار و شاکاری سروشت، سومبولی ئیلاهی و فریشتەی سەرزەوی دەبێ بۆ ڕابواردن شتێکی هەبێ، دەیهەوێ لەگەڵ ژیانی ئاژەڵان کایە بکا، ڕاویان دەکا، دەیانکوژێ و لەگەڵ ڕشتنی خوێنی کوڵی دڵە پیسەکەی دادەمرکێ! چ زەرەرێکی هەیە؟ ئاژەڵ دەبێ شانازی بکا بە دیلیی و ئەشکەنجەیی هەتا بە خەراپترین شێوە بە ژانەوە بمرێ! ئەو حەزیا هەوسارپچڕاوە سەری هەڵگرتووە و وەدەشت و کێو کەوتووە. سروشتی دڵڕفێن، دەنگی غەمڕەوێنی مەل و باڵندە بە تێفکرینێکی خوێناوی و ناڵە و هاواری بێهیوایی وێنا دەکات. هەر دەستەیەک لە ئاژەڵان بۆ لایەک هەڵدەفڕن، بڵاو دەبنەوە، دواتر مرۆڤ بە چیا و بەندەن و دەشت و نزار و قەد و پاڵ و بن بەرد و ئەشکەوت و مێرگ و کانیاودا بە دوایاندا دەگەڕێ و دەست دەکا بە کوشت و کوشتارو لەناو بردنیان، بۆ؟! چونکە غیرەتیان کردووە و لە دەستی هەڵاتوونە! ئەوان مافی ژیانیان نییە؟ هیچ هیوایان بە مانەوە نییە؟ خۆشەویستیی بێچووی

خۆیان نییە؟ هەر دەبێ بکوژرێن و لە نێوچاوانیان وا نووسراوە!؟ ئەگە ئاژەڵ توانای دەربڕین و قسەکردنی هەبا چ نێوێکی بۆ دژبەری دلڕەق و خوێنڕێژەکەی خۆی دادەنا؟ کەسێک کە بەبێ هیچ هۆکارێک جگە لە بیرتەسکایەتی و پرسیارێکی بێشەرمانە، هەوەسێکی دەمارگرژانە و هەستێکی پیس نەبێ بۆچی خۆی دەخاتە ناو ژیانیان و دەست دەکا بە کوشتن و بڕینیان، گیانلەبەران بێجگە لە ژینگە و سروشتێکی ئارام و ئازاد چی تریان دەوێ؟ قەت ئازار و زەڕ ناگەیەنن، خۆخوازی مرۆڤ ئاکامگەلی ئەوپەڕی پەستیی بەدوادا دینێ، چ نازناوێکی گەرەکە ئەو کەسەی چێژی خۆی لە کوشتن و لەناو بردنی ژێر دەستەی لاواز و بەستەزماندا دەزانی؟!

بلاتێن(Blatin) لە پەرتوکێکدا کە لەسەر زوڵمی مرۆڤ لە هەمبەر ئاژەڵان نووسیویەتی، چیرۆکی ژێرەوە کە بێویژدانی بنیام و لێبوردن و جوامێری سەگ پێشان دەدا، دەگێڕێتەوە:

«کەسێک چوارپێیەکەی خۆی دەباتە لێواری ڕووبار، تەختە بەردێکی دەخاتە ئەستۆی و دەیخاتە ناو ڕووبارەوە. سەگەکە، پاش هاتوهاوارێکی زۆر خۆی ڕزگار دەکا و خۆی دەگەیەنێتە ویشکایی. خاوەنەکەی دەستی بۆ ڕادەدێرێ، هەر کە دەستی گەیشتێ بە چەقۆ زەربەیەک لە سەری ئەو بەستەزمانە دەدا و لەگەڵ وەشاندنی چەقۆکە لاقی دەخولیسکێ و خۆی ڕێک دەکەوێتە ناو ڕووبارەکە، زۆر هاوار دەکا کەس بە هانای نایەت و خەریکە وردە وردە بەیەکجاری نوقم ببێ، لە ناکاو کەسێک لێی نزیک دەبێتەوە و بۆ لای ئیشکایی ڕایدەکێشێ: ئەوە سەگە ڕوخسار خوێناوییەکەی بوو.»

ئەوەیە وەفای گیاندارێکی بەستەزمان و بێدەستەڵات کە لە بەرامبەر مەرگ، ئەمەگناسی و چاکەی لە بیرناچێ، بکوژی خۆی لە مردن ڕزگار دەکا، ئایا هیچکات لە ئینسان

ئەم لە خۆبردوییە بینراوە؟ وڵام زۆر دژوار نییە. ئەو کەسانەی کە نەختێک هەستیارن کاتێک وەبیر خۆیان دێننەوە ڕۆژێک ملهوڕیان لەگەڵ ئاژەڵان کردووە یان ئازاریان پێ گەیاندوون لەبەردەم ویژدانی خۆیان شەرم دەکەنەوە، وا هەست دەکەن کەسێکیان ئازار داوە کە نەیتوانیوە دەست بکاتەوە.

ویلیام هاریس (William Haris) ڕاوچی بە ناوبانگ لە سیاحەتنامەی خۆیدا دەنووسێ: کاتێک بۆ یەکەمجار فیلێکی مێیەم کوشت، بۆ بەیانی بە دوایدا دەگەڕام هیچ ئاژەڵێک لەو دەوربەرەدا نەمابوون و هەموویان هەڵاتبوون تەنیا بێچووی فیلە کوژراوەکە نەبێ. شەو هەتا بەیانی لای دایکی مابۆوە کاتێک ئێمەی دی بێ ترس و دڵەڕاوکە بۆ لامان هات، لە ڕوخسار و ڕەوشتی غەمێکی قووڵ و سەرگەردانییەک دەبینرا، لووتی خۆی بە شێوازی جۆراوجۆر بادەدا وێدەچوو یارمەتی لە ئێمە دەویست، لێرەدا هاریس دەڵێ: ئارەقەی شەرم بەنێوچاوانمدا هاتەخوار و مچووڕکێک لەشمی داگرت هەستم کرد کارەساتێکی مەزنم کردووە.

پیتری گەورە، پاشایەکی زاڵم و چاونەترس بوو لە ماوەی تەمەنی دەستەڵاتداری خۆی گەلێک ڕووباری خوێنی ڕشتبوو بەڵام لە ئاست ئاژەڵان دڵێکی نەرم و دلۆڤانی هەبوو.

میرژۆسکی، زانایەکی ئاڵمانییە دەگێڕێتەوە: بۆ ڕابواردنی ئیمپراتۆر ئەزمونی گوشاری هەوام کرد چۆلەکەیەکم خستە ناو شووشە، بە هێوری هەوای ناو شووشەکەم هەڵدەمیست، هەتا ئەوەیکە پاشا مردنی باڵندەی بەستەزمانی لە بێ ئۆکسیژێنی ببینی، کە دیتی چۆلەکەی ماڵوێران پەلەقاژە دەکا و دێ بمرێ هاواری کرد بەسە ئەو غەریبە هیچ کارێکی نەکردووە و کەسی ئازار نەداوە، زوو بەری بدە بفڕێ و وازی لێ بێنە.

ئەوە ئەو کەسە بوو هیچ بەزەی بە هاوڕەگەزی خۆیدا نەدەهات بەڵام بە دیتنی دیمەنی خەفە بوونی بە بێ هۆی باڵندەیەک هەستی جوولا.
دوکتۆر کلارک ئابێل (Dr. Clark Abel) پاش کوشتنی مەیموونێکی چارەڕەش لە سوماترا دەڵێ: کەسانیك کە بەشداری دیتنی مردنی ئەو مەیموونە بوون گێڕایانەوە، کاتی ئاویلکە وێکچوونێکی لە ڕادەبەدەری لەتەک بەشەر هەبوو، دەستی لە سەر برینەکانی دانابوو و بە نووزەوە هاوارێکی دڵ تەزێنی دەکرد. دوکتۆر دەڵێ: هەستێکی ترس و بەزەیی دایگرتین، من هەتا ئێستاش لە بیرم نەکردووە.
بنیام لە هەموو شوێنێکدا خۆی وەکوو دوژمنێکی خوێنخۆر و زۆردار بە ئاژەڵان ناساندووە. پێویست ناکا بڵێین ئاژەڵیش دژ بە مرۆڤە یان قوربانی هەوا و هەوەسی ئێمەیە؛ ئاژەڵانی دەستەمۆ خزمەتکاری ڕاستەقینە و گوێ ڕایەڵی مرۆڤن. بەهیچ شێوەیەک لە حاند ئەو هەمووە زوڵم و چەوساندنەوەیە بیریان لە سەرهەڵدانی شۆڕش نەکردووتەوە. بەڵام با ئاماژە بەوەش بکەین، ئەگە هەروا بە چەختییەتی مابانەوە زۆر شیاو و خۆشتر ژیانیان دەکرد هەروەک باووکالیان کە ئاوا دەژین. مرۆڤ بەو ژیانە دەسکردەی خۆی ڕەچەڵەکی ئەوانیشی تێکداوە و بەلاڕێیدا بردووە. وای دابنێن مرۆڤ لە ئاسمانەوە کەوتبا سەر زەوی و هیچ ئاژەڵیشی لێ نەبا چی دەکرد!؟ بەدڵنیاییەوە دەیتوانی بژیت چونکە بۆ خواردن و بەرگ و کەرەسەی دیکە لە گیاوگۆل کەڵکی وەردەگرت، لە سروشتدا پەنای دەگرت و دەژیا، بەڵام لە هاوکاری و یارمەتی دۆستانی خۆی بێبەش دەبوو و هەتاهەتایە لاواز و نەتوان و گەوج دەماوە، ویستی سروشتی و مێشکی بەرەو لەناوچون دەچوو. ئایا دەیتوانی کشتوکاڵ بکا؟ بە زەحمەت.

بەڵام گەشە و پێشکەوتنی زۆر کەم دەبوو، چونکە ناچار دەبوو بە تەنیا کارەکانی بکا، کاتی بۆ ڕابواردن و سەیران نەدەما، ڕەنگبێ زۆرێک لە داهێنانەکانی بەشەر نەهاتبانە ئاراوە چونکە هیچ پێشاندەر و سەرباشقەیەک نەدەبوو کە مرۆڤ لاسایی بکاتەوە.

ئیتر دەبێ مرۆڤ واز لە نازناوی خۆبەزلزانی بێنیت و بزانێت پاشای گیانداران نییە بەڵکوو کەسێکی بکوژە، زۆردارە، ڕێگر و چەتەیە و بەوپەڕی نانەجیبی دەژیت. کاتێک دەتوانێت زیاتر و زاناتر لە ئاژەڵان بێ ویستی زۆرداری و پەستیی خۆی بە شێوازێکی ڕێسامەند دیاری بکا و بە خۆی دابچێتەوە ئەو کات ناوی دەنێن «کالانعام» هەر وەک فردەوسی دەڵێ:

هەرکەسێ دەڕوا بە لاڕێی مرۆیەتی
تۆ ناوی بنێ درونج نەک مێرایەتی

مرۆڤ نەک تەنیا ئاژەڵێکە کە حاڵەتی بەرگری لە باقی ئاژەڵان کەمترە بەڵکوو ڕێگای چۆنیەتی ژیانی خۆیشی نازانێ. لاپەڕەکانی ژیانی بە خوێن نووسراوە ئەو کارەساتەی بەشەر خوڵقاندوویەتی هەتا ئیستا هیچ یەک لە ئاژەڵان نەیانکردووە، وتەیەکی ناسراو هەیە دەڵێ: «مێشکی هەموو کەرێک باشترە لە بنیام» هەرچەند بە تانە و تەشەر و گاڵتەوە ئەو قسەیە کراوە بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. گۆتە (Goethe) لە (Faust) دا دەڵێ : «ئەوەی کە بە مێشک و ئاوەز ناسراوە زۆرتر وە خۆخوازی و گەمژەیی دەچێ.»

دیۆژێن (Diogene) ـی بە ناوبانگ ڕۆژێک بە چراتۆڕ لە ناو شاری ئاتێن بە دوای کەسێکدا دەگەڕا و لە ئاکامدا نەیدیتەوە بەڵام زانای ئێمە خەییام، کاتی خۆی بە تێکۆشانی بێ هۆ تەرخان ناکا و بە بەیانێکی ڕەوان و دڵنیاکەرەوە دەڵێ:

گاییٚکە کە لە عاسمان و ناوی کۆیە
گاییٚکە دەڵێن هەڵگری هەرد و بۆیە
سەیری کەرەگەل بکەی لەناو ئەم جووتە
گەر ژێروبەبیری سەیری خۆش بۆ تۆیە

هەڵبەت زۆر کەس ئەمە بە خۆزگە و درۆ دەزانێ و پێیان وایە گاڵتە و قەشمەرییە، بەڵام ئەوە خەون و خەیاڵ نییە نابێ پێمان وابێ ناو و ناتۆرە بۆ مرۆڤ قەدەغەیە، چونکە هەر ئەوە و بۆخۆیەتی ئاوی لە ئاوەڕۆ دەرکردووە و گەلێک هەڵە و کاری نەشیاوی لێ ڕوودەدا. چ کارێک؟! ئەوە کە زۆر دژوار نییە، مرۆڤ نەک تەنیا دزێوترین و گەوجترین ئاژەڵە بەڵکوو دڕەندە و هارترینیانیش، لە ڕاستیدا بنیام دەتوانی نازناوی زانا و نەزان، باش یان خەراپ بۆخۆی دابنێ. من زۆرم بیستووە و خوێندووەتەوە کە بەشەر پێگەیشتووترین ئاژەڵە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، بە پێچەوانە هیچکات ناگاتە خاڵی پێگەیشتوویی. هەروەها ئاژەڵیش گەشە ناکا و بە تەواوەتی پێناگات، هەربۆیە بەکورتی: ئەوان دەبێ هەروا بن بەو شێوەی سازکراون، نە کەم نە زۆر، نە فێر بن نە لە بیر بکەن و ئەوانیش دەبێ وەک مرۆڤەکان زاوزێ بپارێزن. مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک پێگەیشتوو نییە؛ نە لە بواری ئاکار و نە مێشک و نە لەبواری جەستەش، لای نازدارترین و وریاترین مرۆڤیش هەمیشە کەموکووڕییەک هەر هەیە. هەڵبەت ئەمە نابێتە هۆی ئەوەیکە بەشەر نزمتر بێ لە ئاژەڵ، مرۆڤ لەوان لە سەرترە چونکە ئەندام و هێز و پێشکەوتنی زۆرترە چونکە هێز و تواناو وەرەی بەشەر تەواو نابێ، دیسان دووپاتەی دەکەمەوە ئەم سەربوونە هەمووکات بەردەوام نییە. هەروەک دابنێین مرۆڤیکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو سەرتر و بنیامێکی پەست و ناحەز ژێرتر لە ئاژەڵ ئەژمار دەکرێ.

# بەشی ٣

«لا تجعلوا ابطونکم مقابر الحیوانات» حەزرەتی عەلی

ئەگەر سەرجەم ئەو هەمووە کوشتوکوشتارەی بەشەر لە هەمبەر زیندەوەران کردوویەتی بێنینە بەرباس ئەگەرچی جۆراوجۆرن، بەڵام هۆی کوشتنیان لە دوو پاساو و حاڵەتی نارەوا تێناپەڕێ.

لەو دووانە یەکەمیان برسیبوونە، ئەوەی تریش بە نێوی پێشکەوتنی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، کوشتاری ئاژەڵان بەناوی توێژینەوەی زانستی بەهانەیەکی نابەجێیە. ئەوە چ قازانج و کەڵکێکی هەیە جەستەی بێ گیانی ئاژەڵێک کە ڕەچەڵەکی لە ناو چووە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە؟! چ قازانجێکی هەیە چەندوچۆنی لەش و ژمارەی پەراسوو و ئێسک و مێشکی فلانە ئاژەڵە بزانین؟

لە حاڵێکدا دەتوانین توێژینەوەی باشتر لەسەر هۆش، ویستی سروشتیی، شێوەی ژیان و چۆنیەتی هەڵسووکەوت و ورەیان بکەین و بزانین ئەو جینایەتانەی بەناوی زانست دەکرێن هیچ سوودێکی نییە.

پاساوی دووهەم کە زۆر گرینگە برسییەتیە، واتە ئەوە زگە هانمان دەدا بۆ مانەوەی خۆمان ئاژەڵان ڕاو بکەین و بیانکوژین. بەڵام ئەمە هەڵەیەکی زۆر ڕوونە، مرۆڤ لە

ڕاستیدا هەر گۆشتخۆر نەبووە و نییە، تەنیا بە ناچاری لە کاتی چەختیبوونیدا کەڵکی لە گۆشت وەرگرتووە و هەتا ئێستاش ئەوە لە سەردەمی پێش مەدەنییەت بۆی بە میرات ماوەتەوە. یەکەم، بینای لەشی ئادەم وا نیشان دەدا گۆشتخۆر نییە وەک ددان، گەدە، ڕیخەڵۆکە، ئەو جۆرە کە فلۆرەنسی (Flourens) ناسراو نووسیویەتی، دەیسەلمێنێ سەرەتاییترین مرۆڤەکان میوەخۆر بوونە ڕێک وەک مەیموونە گەورەکان.

کوویە (Carier) سروشتناسی بەناوبانگیش سەلماندوویەتی کە خواردنی سەرەکی بەشەر میوە بووە و دەڵێ: شرۆڤەی جەستەی مرۆڤ پێمان دەڵێ لە هەر لایەکەوە بڕوانین مرۆڤ شێوەی ئاژەڵی میوەخۆرە و بە هیچ شێوەیەک گۆشتخۆر نییە، خواردنی پێویست بۆ لەشی ئینسان بریتییە لە میوە، ڕیشە و ڕووەک. دەستی بۆ چاندن و جووتیاری دروست کراوە و هەروەها چەنەگەی لاواز و کەم هێزە، ددانی پێشەوەشی لە ددانەکانی تری گەورەتر نییە و ئیزنی پێ نادا گوشتی ئاژەڵان بگرێت.

لە سەدەی ١٨ی زایینیدا سروشتناسی گەورە بوفۆن (Buffon) دەنووسێ: مرۆڤ وەک گیانداران دەتوانێ بە ڕووەکەکان بژێ ... بنیام گەلێک زۆرتر لە ئاژەڵی گۆشتخۆر گۆشت دەخوا ئەوەش لە ڕووی پێداویستی و خواستی لەشی نییە بەڵکوو لە ڕووی نەوس، چێژبردن و هەوەسە.

زانستی ئەندام (Physiologie) بە لێکدانەوەی خۆی لەگەڵ ئەو ڕاستییە هاوئاهەنگە و بە شێوەیەک دان بە بۆچوونی کوویە دادەنێت. هەروەها مێژووی سروشتیی مرۆڤ (Anthropologie) کە دامەزرێنەکەی برۆکایە (Broca) بە نۆبەی خۆی سەلماندوویەتی مرۆڤ میوەخۆرە نەک هەر کۆئەندامی هەرسکردنی وەک ئاژەڵی ڕووەکخۆر

یان میوەخۆر دەچێ، تەنانەت گرینگترین ئەندامی لەشی کە سەرییەتی، هیچ وێکچوونێکی لەتەک کەللەسەری ئاژەڵی گۆشتخۆر ناچێ و سەری ئەو ئاژەڵانەی بژیوی ژیانیان میوەیە، وەک سەری بەشەر دەچێ (مەیموون و فیل ...). هەڵبەت ئەوەش دەزانین ئاژەڵانی گۆشتخۆر لە دوایین بەشی ئاژەڵانی مەمکدار دەژمێردرێن. منداڵان کە بەهۆی کەمیی تەمەنیان لە سروشت نزیکترن و تامێکی وایان نەچێشتووە، زۆرتر کەیفیان بە میوە دێ و زۆربەیان لە گۆشت خواردن خۆ دەبوێرن و هەتا گۆشتیان نەدەیەی نابنە گۆشتخۆر.

«پلوتارک» دەڵێ: تۆ لە من دەپرسی بۆچی فیساغورەس خۆی لە خواردنی گۆشت دەبوارد، بەڵام من لە تۆ دەپرسم کام مرۆڤ بۆ یەکەمجار غیرەتی ئەوەی کرد گۆشتی مندار بۆ زاری خۆی بەرێ و بیخوا؟

هەروەها مادده خۆراکییەکانی گۆشت لە میوەشدا بەدی دەکرێ، ئازۆتی گۆشت بە شێوەیەکی بەرچاو زۆرە بەڵام لە سەوزە و ڕووەکی هەروەها میوە بە شێوەیەکی زیاتر دەست دەکەوێ، دیارە ئەو خوێ کانزاییەی لە میوەدایە لە گۆشتدا نییە، کەوابوو ئەگە مرۆڤ بیهەوێ بە باشی کەڵک لە گۆشت وەرگرێ و تەواو ئەو مادە کانزایانەی لێ هەڵێنجێ دەبێ ئێسکەکەشی وەک ئاژەڵان بکرۆژێ و تەڕاییەکەی کە دەبێتە مێشکی ئێسک بخوات بۆ بە قازانجی جەستەی هەر وەک ئاژەڵانی گۆشتخۆر. ئەوان ڕاوی خۆیان بە زیندوویی دەگرن و دەیخۆن، بەڵام هی مرۆڤ پێشتر دەکوژرێت، دواتر کە بە هەزاران تەنیک و میکرۆب و نەخۆشی جۆراوجۆر گلاوە بە سەدجۆر لەون دەکرێ، لێدەنرێ و دەخورێ دیار نییە ئایا ئەم ئاژەڵ یان باڵندەیە نەخۆش بووە یان نا؟ کە نەخۆش بێ هوورک (Micrub) دەچێتە ناو گەدەی و

نەخۆشییەکانی بۆ هەناوی مرۆڤ دەگوازرێتەوە.
لە ساڵی ١٩٨٦ دوکتۆر موریل (Maurel) هەڵسەنگاندنی بۆ ڕادەی کەڵکوەرگرتن و خواردنی گۆشت کرد کە لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا سێ قات بەرز بۆتەوە و ڕۆژ لەگەل ڕۆژ ئەو خواردنە بەرەو هەڵکشانە هەروەک ئازار و نەخۆشی سیل، شێرپەنجە، ئەپاندیس، برینی ڕیخەڵۆکە، ئینتەلا و سقڵ (سوء هضم) و لە ئاکامدا خواردنی لە ڕادەبەدەری گۆشتە کە میکرۆبی گۆشت لەناو گەدە ڕێگە بۆ پەرەپێدانی سیل و سەرەتان خۆش دەکا، ئاستی بەرزی کەڵکوەرگرتنی ئەو دەوا و دەرمانانەی ئەمرۆ دۆزراونەوە و بەکار دێن ڕاستی ئەو باسە دەسەلمێنن، لە حاڵێکدا لە ڕۆژگاری کۆن ئەو دەرمانانە باویان نەبوو و کۆمەڵانی خەڵک بەوپەڕی تەندروستی ژیانیان بە تەمەنێکی زۆرەوە تێدەپەڕاند و ئێستاش بە داهێنان و خولْقاندنی ئەو هەموو دەرمانانە تەمەنی بەشەر کورت بۆتەوە و هەرکەس دەرد و ئازارێک لە پاش خۆی بۆ نەوەکانی داهاتووی بە میرات جێ دێڵێ. ڕەشبینی گشتیی ژینگە و بیرۆکەی تاڕی سەدە زۆرتری بۆ دژایەتی لەگەڵ یاسای سروشت و ژینگەی دەستکرد دەگەڕێتەوە. خۆبواردن لە خواردنی گۆشت ئەگەرچی ئەمرۆ وەک گرینگییەکی پزشکی و زانستی لێهاتووە و لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوایی بە هەزاران کەس خۆی لێ دەبوێرن، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی نوێ نییە بەڵکوو لەمێژ ساڵە و هەرلە کەونەوە هەبووە. زۆربەی زانایانی ناسراو و گەورە لە هەر سەردەمانێک بووبێ گیاخۆر بوونە و هەن. موغەکان، ئاوەزمەندانیی هیندی، پێشینیانی میسر و یۆنان بیرمەندانی وەک فیساغۆرەس، ئەفلاتون، ئەپیکوور، سەن کلێمان ئەلێکساندەر، پیرفیرژامبیک، گاندی، باکن، میلتین، لیبینز، سپینۆزا و زانایانی وەک وێلتر، ژان ژاک

ڕۆسۆ، فرانکلین، شیلێر، لامارتین، میشلە، شۆپنهاوێر، واگنێر، تۆلستۆی، کارپانتر و هەروەها کێلمانسۆ، گالینی، مێترلینگ و ...

هەروەها بەشی زۆری خەڵکی جیهانیش ڕووەکخۆرن، بۆ وێنە ژمارەی گۆشتخۆرانی ئاسیا لە پێنج یەکی حەشیمەتەکەی زیاتر نییە. لەم دواییانەدا بە ئەزموون دەرکەوتووە کاتێک خواردنی ئاژەڵێکی گۆشتخۆر بۆ ڕووەکی بگۆڕدرێ، هێز و هۆشی زیاتر دەبێ و لەزۆرێک لە نەخۆشییەکان پارێزراو دەبێ.

وەکوو سەگ، کە لە ڕاستیدا گۆشتخۆرە بەڵام جاری وا هەبووە خواردنی ڕووەکی پێ خۆشتر بووە. بە پێچەوانەش ئەگە ئاژەڵی میوەخۆری وەک مەیموون ناچار بکەی گۆشت بخوا زۆر زوو تووکی لەشی دەوەرێ سەرتاسەری گیانی دەبێتە برین و زۆر ئازار و دەردی تریش دەگرێ. دەمێکە پزیشکان گرینگیی خواردنی گیاوسەوزە و میوەیان بۆ تەندروستیی و سەلامەتی مرۆڤ لەڕووی لەش و ڕۆحیەوە باس کردووە. وەک پرۆفیسۆر شارل ڕیشە (Pr. Richet) لە زانایانی فەرانسە ڕایدەگەیەنێت: بە هیچ شێوەیەک گۆشت بۆ لەشی مرۆڤ پێویست نییە و ئەمڕۆ ئەو کەسانەی گۆشتیان وەلا ناوە لە باری لەشساخییەوە زۆر تەندروستر و باشترن و بە پێچەوانە قسەی خەڵکی ڕەشۆکیی هێز و وزە لە ڕووەکەکاندا پترە هەتا گۆشت. هەڵبەت گۆشت لای ئەو خەڵکانە بە خواردنێکی باش و پڕ لە ویتامین باسی دەکرێ بەڵام نازانن ئەو قورساییەی لەکاتی خواردنی گۆشت هەست پێدەکرێ، هەمووی پڕە لە میکرۆبی مەترسیدار کە دەڕژێتە ناو گەدە. گۆشت وەک خواردنێکی بەهێز دەناسرێ بەڵام نازانن ئەو چێژە کاتییە بۆ مرۆڤ چەندە خراپ و مەرگهێنەرە.

سالّی **١٨٩٨** لە کێبرکێیەکی نێوان پالّەوانانی بێرلین، ٨ پالّەوانانی ڕووەکخۆر لە **٢٣** نەفەرەکەی تر وەپێش کەوتن. چەپەرە خۆجێییەکانی مێکزیک (نامەبەر، پۆستچی) کە زۆر بەهێز و مەزنن لە ڕێگادا تەنیا گەنمەشامیی دەخۆن، چەپەرەکانی هیندیش برینج دەخۆن و ڕۆژانە یەک پشوو چەندین کیلۆمیتر ڕێگا دەبڕن. لە باشووری فارس (دەشتستان) هۆزێک دەژیت زۆر بەتوانا و بەهێز و چالاکن کاری ڕۆژانەیان چۆڵگەڕییە، خواردنیان خورما و ئاردە. بەگشتیی لە هەمووی ئەم دنیایە جووتیار و وەرزێر کاری قورستر دەکا و لە خەڵکانی تر ماندووترە ئەوە لە حالّێکدایە زۆربەی هەرە زۆریان تەڕە و میوە دەخۆن. هەڵبەت نەخواردنی گۆشت تایبەت بە چلەکێشی (ریاضت) ڕۆح نییە بەلّام پێشینیان لەو بارەوە خۆیان بواردووە. وەک خاوەنی (دەبستان) لە هەمبەر کۆنە ئێرانییەکان دەڵێ: قەت نەبووە یەزدانە مەزنەکان دەم بۆ گۆشت بەرن چونکە خواردنی گۆشت شایەنی مرۆڤ نییە هەرکات بە ئامانجی خواردن بکوژی، ڕەشایی و ناپاکی لە ژیانت دەنیشێت، ئەم خواردنە پەیام هێنەری پیسی و دڕییە. «بە بڕوای ئەبوو عەلی سینا، ناسر خەسرەو و زۆر بیرمەندی دیکەش مەبەستی کوشتنی زیندەوەر لە پەرتووکە پیرۆزەکاندا هاتووە، بنەبڕکردن خسلّەتێکی حەیوانییە و قوربانی کردن ئاماژەیە بە کوشتنی نەفسی ئاژەڵیی هەروەک شێخ عەتتار دەفەرمووێ: «لە ناو هەموو کەسێ سەد بەراز هەیە بەراز دەبێ لە ناو بچێ» (خسلّەتی ئاژەڵی و نەفسی ئاژەڵی لێرەدا مەبەست مرۆڤی بەدکار و ڕەوشت پیسی دڵڕەقە).

زۆر کەس پاش پەسندکردنی ئەم هۆکارانە دەڵێن: ئەگە هەموو ئەو باسانە ڕاست بن بۆچی خواردنی گۆشت هیچ زەرەری بۆ ئەو خەڵکانە نەبووە. هەڵبەت کەسێک تریاک

دەکێشی یان ئارەق دەخواتەوە یەکدابەدوو لە ناوی نابا بەرەبەرە کاری لێدەکا و دەیخا. ئەمڕۆ هیچکەس نییە لە ڕەوشی تەندروستی خۆی ڕازی بێ لە گەنجان و لاوانەوە بگرە هەتا پیر و بەساڵاچووان، زۆربەیان ددانیان کرمێ بووە، تووکی سەریان تەنک و بەرەو کەچەڵی دەچێ، ئازاری گەدەیان هەیە، حوکمی چاویان لاواز بووە، ڕەنگیان دەبەردا نەماوە و کەم خوێنن، ماندوو و بێ وازن و ... هەروەها مرۆڤ دەبێ ئەوەش بزانێ کوشتنی بێ هۆی ئاژەڵان بەرپرسیارەتی هەیە و ئەو مافەی نییە ئەو بەستەزمانانە لە سروشت دابڕێنیت و لە ناویان بەرێ. ئەوەی باش بزانن باشترین و تەندروسترین خواردن بۆ مرۆڤ میوە و سەوزەیە چونکە ماکی ژیانی (ویتامین) ـی هەروا تێدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بەهەرحاڵ مرۆڤ بەختەوەر نابێ، هەتا ئەوکاتەی لە دەوروپشتی خۆی زوڵم دەبینێت، جا چ هاوڕەگەزی ئەو بێ یان ئەوانی تر. هەرکامەیان ژیانیان خۆش دەوێ ئاژەڵیش وەک ئینسان، مەگە چۆن بێ ئەگەینا نابێ بەهیچ شێوەیەک ئەو مافەی کە خوڵقێنەر پێی داوە لێی بستێنی، ئەم کوشتارە هەڵەیەکی مەزنە کە مرۆڤ دەبێ ئەو قەرزە بداتەوە. دەڵێن خۆ ئێمە نایانکوژین، خەڵکانی دیکە دەکوژن و ئێمەش دەیخۆین، ئەم پاساوە لە خودی هەڵە و سووچەکە گوناحبارترە. «تۆلستۆی» ئاوا وڵام دەداتەوە: «بەشەر دەتوانێ بەوپەڕی باشی و سەلامەتی بژی بێ ئەوەیکە بۆ بژێوی خۆی گیاندارێک بکوژێت هەڵبەت ئەگە گۆشت بخوات بۆ نەوس و هەوەسی زگی خۆی بەشداری ئەو جینایەتەی کردووە، ئەم ئاکارە بەپێچەوانەی ئاوەز و ڕەوشتە».

ڕەخنەیەکی تر کە دەیگرن ئەوەیە، باشە ئەوەتا هیندییەکان چەندین هەزار ساڵە گیاخۆرن ئەی بۆ نەیانتوانیوە پێش بکەون

و شتێکی گەورە بکەن.
لە وڵامدا دەڵێین: سەرەتا ئەو کێویانەی گۆشتی مرۆڤ دەخۆن هەروەک چاخی پاشکەوتوویی و چەختایەتی ماونەتەوە و هیچ پێشڤەچوون، فەرهەنگ و کلتوورێکیان لێ نەبینراوە. ئەگەرچی هیندیەکان پیشەی ڕێی ئاسنیان دانەهێنا و خوڵقێنەری ئەو زانستە نەبوون بەڵام تەواوی زانست و فەلسەفە قەرزداری ئەم نەتەوەیە. هەروەها نابێ ئەم ڕەخنەیە لە ژاپۆنییەکان بگرین چونکە پێیان وایە گۆشت خواردن ڕابواردنە نەک بەرنامەیەک بۆ ژیان، ئینجا ئەوان زۆر بە دەگمەن گۆشتی ماسیش دەخۆن. لە ناو زیندەوەران گورگ بە گۆشتخۆر ناسراوە کە ئەمە پەندێکە بۆ دڕندەیی و دڵڕەقی ئەو.
ئایا دەتوانین بڵێین هەتا ئێستاش هۆزگەلی هۆڤی بوونیان هەیە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، کەواتە ئەمە خواردنی ڕەسەنی ئینسانە؟ بەڵام مرۆڤ بۆ ئەوە نەخوڵقاوە گۆشتی هاوڕەگەزی خۆی یان هی ئاژەڵان بخوا بەڵکوو دەبێ ئەوانی خۆش بوێ و ڕێزیان بۆ دابنێت و ئاگاداریان بێ نەک ئەوەی کە لەناویان بەرێت و ئەگە گۆشتخۆریشە بەو هۆکارەیە کە، پێگە و پلەی خۆی لەبیر چۆتەوە.
سروشت لەهەموو دۆخێکدا مناڵانی خۆی پاراستووە و ئاگای لێبوونە. ئاژەڵی گۆشتخۆر وەک شێر، پڵینگ، مار و ... خاوەن هێزی ڕاکێشانن و ڕاوەکەی خۆیان پێشتر سڕ دەکەن. بۆ وێنە ئەگە مرۆڤ بکەوێتە دەست شێر یان بەبرێک هەست بە ژان ناکا مەگە دوای ئەوەی کە ڕزگاری بێ. «لیڤینگستۆن» (Livingstone) دەگێڕیتەوە کاتێک بۆ ڕاوە شێر چووبوو، دەکەوێتە بەردەستی شێر و لەسەری دادەنیشێت بەڵام هێشتا نەیخواردووە، چونکە ڕاوچییەکانی

دیکە هەڕەشەیان لە شێرەکە دەکرد، لیڤینگستۆن بە سەختی بریندار ببوو و بۆ چوونە ناو دەمی پڕلیکاوی شێر خۆی ئامادە کردبوو، ئەو دەڵێ:

«زۆر شتێکی سەیروسەمەرە بوو! لەم کاتە پڕ سامناک و ترسە هیچ هەستم بە ژان نەدەکرد وەک ئەوە وابوو شتێک لە جەستەم وەدەر دەکەوێ (مغناتیس). ئەو دەڵێ ڕەنگبێ ئەوە دیاری سروشت بێ، کە چەشتەی هەموو ئاژەڵێکی گۆشتخۆر لە هەستکردن بە ژان و ئازار دەپارێزرێ و ترسی کوشەندە دوامین ساتی ژیانی دەبووری.»

هەرچەندە ئەو هێزە مغناتیسییە لە مرۆڤیشدا هەیە بەڵام بۆ کوشتنی ئاژەڵ کەڵکی لێ وەرناگرێت، هەروەها ئەگە شێرێک بیهەوێ ئاژەڵێک ڕاو بکا بۆ نەفس و هەوەسی خۆی نییە بەڵکوو بینای جەستەی ئەو بۆ خواردنی گۆشت دروست کراوە. پاساوی ئەو زۆر ڕوون و ئاشکرایە واتە بۆ مانەوە و ژیان. ڕاوەکەی ئەو بەدیل ناگیرێ، بە قامچی و پێلاقە و دار لێی نادرێ، لە پاداشی خزمەتەکانی نەکوژراوە، بەڵکوو ئاژەڵێکە کە ژیانی خۆی بەسەربەستی و ئازادیی کردووە و ئەو ڕۆژەی کە چارەنووسی دەخوازێ دەمرێت!

لە ڕۆژگارێکدا کە دروشمی ئاشتیی بۆ هەموان هیوا و ئاواتمانە و بە ڕواڵەت دەمانهەوێ کاریلە شیری مەمکی گورگ بخوا! کەچی هەموو ڕۆژێک، هەر خولەکێک دەستی خوێناوی بەشەر هەزاران ئاژەڵی بەستەزمان کە توانای بەرگریکردن لەخۆیان نییە بەوپەڕی ئارامی دەکوژیت! و زۆرجاریش لە سەر گۆشتی سووریان جێی زەربەتی قامچی و دار و بەرد و فیشەک دەبیندرێت! دەردەکەوێ بەرلە کوشتنیان لێیان دراوە. ئاکارنووسان و فەیلەسووفان دەبێ قەڵەم و کتێبی خۆیان بسووتێنن. خولقێنەر بە پێی کام ڕێساویاسا، لاواز بە

بەهێز، ناتوانا بە توانا، بچووک بە گەورە دەسپێرێت بەڕاستی مرۆڤ زۆر پەستە خۆی لە مردن دەترسێ بەڵام ڕێ بۆ مردنی ئەوانی تر خۆش دەکا. دەبێ ئەوەش بسەلمێنین بەو کارە نەشیاوانەی کە دەیکا لەم دنیایەدا تۆڵەی ئەو هەموو جینایەتەی لێ دەکرێتەوە ...

بەڵێ ئەگە هەموو ئەو بەڵگانەمان هاوتەریبە لەگەڵ ڕووەکخۆری با گیاخۆری بکەیەنە ئەرک و پیشە چونکە مرۆڤ پێویستی بە چێشتی خوێناوی نییە و دەتوانێ بە گیا، میوە و سەوزە بژیت، میلیۆنان کەس هەتا ئیستا بەم شێوەیە ژیاون ئەوەش هەوێنی لەش ساغییە، پێخۆر، ڕەوشت و یاسای سروشت زۆر ساکار و مرۆڤانەترە، بەڵێ با هاوار بکەین کە، بۆچی بکوژین؟ بۆ بە ئەنقەست چاوی خۆمان نوقاندووە؟ شوێنی کوشتنی ئاژەڵان و کوشتارگە هەمیشە لە دەرەوەی شار چێدەکەن دەبووایە لە چوارڕێیان و گۆڕەپانەکان ئەمەیان کردبا بۆ ئەوەی خەڵک لە بۆگەنیو و خوێن و شێوەی خواردنی خۆیان ئاگاداربان، بیر لە دواڕۆژ بکەنەوە، کە نەوەکانی دواتر بە سەرسووڕمانەوە دەخوێننەوە کە باو و باپیرانیان لاشەی تۆپیو و کوژراوی ئاژەڵیان دەخوارد.

## بەشی ٤

«بۆ ئاژەڵی، هاوکار و یارمەتیدەری مرۆڤ دەبێ پێگەیەک لە کۆمەڵگەی بۆ دەستنیشان بکرێت و هەموو مافەکانی بیپارێزین» کلێمانسۆ

ئەمجار بێینە سەر بنچینە و دەقی باسەکەمان، ئایا هەڵسوکەوتی ئێمە لەهەمبەر ئاژەڵ هەمووکات وەک یەک بووە، یان نا؟ و شارستانییەتی پێشکەوتووی ئەمڕۆ قازانجی بۆیان هەبووە یان بە پێچەوانەوە؟ وڵام هەم ئەرێنییە هەم نەرێنی، بۆیە بەڵی، چونکە لەم دوایانەدا زووڵم و زۆری بەنیسبەت ئاژەڵان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە بەڵام نەتەوەگەلی پێشکەوتووی ئورووپا و ئەمریکا و هەتا ڕادەیەک بەو یاسا توندەی کە دایان ڕشتووە و هەروەها ئەو کەرەستانەی ئافراندوویانن زیادکردنی ئاژەڵانی بارەبەر لە کەمیی داوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە ئاست ئاژەڵان لە ئێران وڵام نەرێنییە، ئێرانیانی کەون بە هەموو شێوەیەک مافی ئاژەڵانیان پاراستووە، نووسەران و زانایان و شاعیرانی ئێرانی هەمیشە گوتویانە دەبێ ئاگاداری دۆخی ئاژەڵان بین و بەزەییمان پێدابێن. لەمە جێی سەرنجتر، لە سەردەمی خونکاری دادگەر ئەنووشێروانی دادوەر، یاسای توند بۆ بەرگریکردن و پاراستنی

مافی ئاژەڵان هەبووە، ئەمەش شەرموشوورەییە بۆ گەلێک کە کاتی خۆی لانکەی ئارامی ئاژەڵان بووە، ئێستا لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر وەپاش کەوتووە و بەوپەڕی زوڵم و نادادپەروەری لەگەڵیان دەجووڵێتەوە. بەکورتی ئاماژەیەک بە پەرتووکی پیرۆزی ئاوێستا، گاتای ۳۲ دەکەین:

«ئەهورامەزدا تووکی ئەو کەسە دەکا، کوشتنی ئاژەڵان فێر دەکا.»

لەم پەرتووکەدا ئەو ئاژەڵانەی کوشتنیان یاساغە بەم جورە ناویان هاتووە: «کاریلە، بزن، مانگا، ئەسپ، کەروێشک، کەڵەباب و ... بەتایبەت سەگ.» هەروەها کوشتنی ئەو ئاژەڵانەی دەلەوەڕێن، ئەوانەی بێ ئازارن تاوان و سووچێکی گەورەیە.

بەڵام لە ڕوانگەی «هارلز» (Harlez) لە سەردەمی ساسانییەکان و ڕەنگبێ زۆر پێش ئەوانیش جگە لە ئەشکەنجەی توند کە لە ئاوێستادا ئاماژەی پێکراوە، سزای دیکەش هەبوو.

دێساتیری حاسمانی ۷۷ «باش بزانن، کە زیندەوەری بێئازار بکوژن قینی یەزدانی مەزن دەتانگرێ.» لە هێرشی دادپەروەرانەی ئەنوشیروان لە پەرتووکی «دبستان المذاهب» شێخ محەممەدی فانی دەنووسێت:

«... ماڵاتی وەک ئەسپ و کەڵ و گا کە بە گەنجی کارتان پێکردوونە کاتێک پیر و پەککەوتە بوون، خاوەنەکانیان دەبێ پشوویان پێ بدەن و چێ تر باریان مەکەن یان بڕی بارەکەی کەمتر لە جاران بۆ دیاری بکەن.»

جێگەی داخوکەسەرە کە زۆر وتراوە و زۆر نووسراوە بەڵام مەخابن کەس بە ئەرکی دانانێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتر گوشار و زەخت بۆسەر ئاژەڵان دێ و ئەوەی لە کۆندا باسی

کراوە لەبیر کراوە.
قورئان لە سورەتی ئەنعام ئایەی ٣٨دا دەفەرموێ: (و ما من دابة في الارض و لا طائر يطير بجناحيه الامم امثالكم ما فرطنا في الكتاب من شيئي ثم الي ربهم يحشرون) «هەر زیندەوەرێک کە لەسەر زەوی دەجوولێ و هەر مەلێک بەباڵان دەفڕێ، هەرهەموویان کۆمەڵانێکن وەک ئێوە، ئێمە لەناو ئەو کتێبە هیچ شتێکمان هەڵنەبواردووە، لە دواڕۆژیش هەمووی ئەمانە بۆ لای پەروەردگار دەگەڕێنەوە».
یانی هەموو زیندەوەرێک لای خوا بەچاوێک چاو لێ دەکرێ و هیچ کامیان لەوەی دیکە سەرتر نییە. زۆرێک لە زانایانی ئیسلامیش بەرگری لە مافی ئاژەڵان دەکەن، شێخ نەجمەدین ڕازی یەکێک لە گەورەپیاوان لە «مرصاد العباد»دا دەڵێ: «زوڵم و زۆریی لە ئاژەڵان مەکەن و باری گرانیان لەسەر دامەنێن کاری زۆریان پێ مەکەن و زۆریان لێ مەدەن هەرچی بیکا لە پیاوەتی خۆیەتی، خوای گەورە لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکا، ئەگەر توندوتیژی و هەڵەت کردبێ تۆڵەی دەکاتەوە.»
خاجە نەسیرەددین توسی لە «اخلاق ناصری»دا دەنووسی: «خراپترین کەس ئەو مرۆڤەیە سەرەتا زوڵم لە خۆی دەکا دواتر لە خەڵکانی تر و لە ئاژەڵان.»
سەیدجەعفەر کەشفی نووسەری مێژوی «تحفة الملوک» دەنوسێ: باری قورس و گران مەخە سەرپشتی ئاژەڵ ... لە کاتی مۆزکردن و ڕەوبوون و تووڕەیی لێی مەدەن، بزانن بۆ ڕای کردووە، قسەی ناشیرین و جنێوی پێ مەدەن کاتێک گەیشتەوە ماڵ، ئاو و تفاق و پێداویستی تری بۆ دابین بکەن و هتد ...» لە شوێنێکی دیکەدا لەسەر پاراستنی ڕەوشی قەرەواش و نۆکەر و باقی ئاژەڵان (؟) دەڵێت: «دەبێ لەگەڵ

ئاژەڵان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەئینسافەوە هەڵسووکەوت بکەن و، هەرکام لەوانە بەپێی جۆری ئافراندن کە خواردنی بۆ دانراوە، ژیانی بدەنێ و ڕایگرن و بیپارێزن و بەشێوازێکی توندوتیژ لەگەڵیان مەجوولێنەوە ...، کەواتە پاراستنی دۆخیان بەپێی ئەو خووخدەیە بێ و پڕ بێ لە بەزەیی، دادپەروەریی و دلۆڤانی ... جا چونکە هەموو خوڵقاوێک کە بێ دەرەتان و گوێ ڕایەڵترە، پارێزگاری و پشتیوانی خوای زیاترە و بەبەردەوامی سیلەی ڕەحم و هاوکاری دەبێ زیاتر هەبێ.

«کەوابوو لەبەرچاوگرتنی دۆخ و مافی ئاژەڵان ئەرکە و پێویستە، وەک پاراستنی دۆخ و مافی قەرەواش و بەندە و هتد.» لە کۆتاییش دا ئاماژە بەوە دەکات: «ئەوە وێنەیەکە لە نەریتی پەیوەندیدار لەگەڵ ئایین و لە تایبەتمەندیەکانی مرۆڤ و بەهەر شێوەیەک و هەرچی بچێنی ئەوی هەڵدەگرییەوە، چەندەش کاری باشە بکەی خوا ئەوەندەت وێ دەداتەوە.»

زۆر جێگای داخە کە هەتا ئێستاش لە ئێران بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵان هیچ یاسایەکی تایبەت دانەنراوە، جاربەجارێ پتر زوڵمیان لێ دەکرێ و دەکوژرێن، بەڵام لە ئینگلیس و ئامریکا کۆمەڵەی پاراستنی ئاژەڵان بە ناوی «ئینسانیەت» (مرۆڤایەتی) ناو دەنێن «Human Association».

بەڕاستی شیاوی ئەو نازناوەن چونکە ئەو کەسەی ئاژەڵ ئازار بدا، ئازار بە مرۆڤیش دەگەیەنێت. بکوژی ئەو ڕۆژێک جا درەنگ یان زوو مرۆڤیش دەکوژێت. لەم بارەیەوە مۆنتنی زۆر جوان ئاماژەی پێکردووە: «ئەمە ڕابواردنێک بۆ ئەو دایکانەیە کە مناڵەکانی خۆیان دەبینن چۆن ملی باڵندەیەک هەڵدەپسێنیت و چۆناوچۆن بەردێک داوێتە پشیلە یان سەگێک و برینداری دەکا، ئەمانە بناغەی گەندەڵی و دڵڕەقی و زوڵم پەرە پێدەدەن.»

بووداش دەڵێ: «مەکوژن، دلۆڤان و بەسۆز بن، تەنانەت ڕەوتی گەشەی پیسترین و نزمترین ئاژەڵانیش لە ناو مەبەن.»
فیساغورسی زانا ماسی لەناو تۆڕدا لە ماسیگرەکان دەکڕییەوە و ماسیەکانی دەخستەوە ناو ئاو، باڵندەی لە قەفەسدا دەکڕییەوە و ئازادی دەکردن.»
ئاپۆلە «Apulee» گەڕۆڵی ناسروا لە پەرتووکی بە ناوبانگی سێحر «Magic» دا دەڵێ: بەزەیی بە گیاندار و سۆزی دەروونی، ئەوەندە هاوتەریب لەگەڵ یەکترن کە دەتوانین بە متمانەوە بڵێین، کەسێک کە لەبەرامبەر ئاژەڵاندا بێ هەست و سۆزە، ناتوانێ کەسێکی باش بێ، ئەو بەزەییە سەرچاوەی چاکە، ڕەوشتی باش و داوێن پاکییە و ویژدانی مرۆڤ بەرامبەر بە هاوڕەچەڵەکی خۆی دەسەلمێنێت.»
فەیلەسوفی گەورەی ئاڵمانی شۆپن هاوێر «Schopen haver» دەنوسێ: بنەمای ئاکار بەزەییە نەک هەر تەنیا بەرامبەر بە هاوڕەگەزی خۆت بەڵکوو لەگەڵ گشت زیندەوەران.»
ڕۆسکێن «Ruskin» نووسەری ناوداری ئینگلیزی (بریتانیایی) لە وتەیەکی خۆیدا دەڵێ: من نامهەوێ بە بێ هیچ هۆکارێک هیچکام لە ئافرێنراوەکان بکووژم و تەنانەت ئازاریش بدەم بەڵکوو هەوڵی پاراستنی هەموو بوونەوەرێکی بێ تاوان و ڕازاوەیی و جوانی سروشت و زەوی دەدەم.»
پییەر لوتی «Pierre Loti» دەنوسێ: «بە دیتنی چارەڕەشیی ئاژەڵان پتر خەمبار دەبم هەتا بە بینینی برایانی خۆم چونکە ئەوان بێ زمان و بێ دەستەڵاتن.»
سۆز و خۆشەویستی لەهەمبەر ئاژەڵان لەلایەن زانایان و گەورەپیاوان بۆ ئاسوودەیی و ئارامی، هێمنی ژیان و پێشکەوتن پێداگری لەسەر کراوە. هەڵبەت ئێمە لێرەدا داوای دڵسۆزی و

بواردن لە کەس ناکەین بەڵکوو تەنیا و تەنیا داوای مافی بنەڕەتیی دەکەین بە تایبەتی بۆ ئێرانییەکان کە پێشەنگن و دەبێ خێرا دەست پێ بکەن. بە هەڵوا هەڵوا دەم شیرن نابێ، دەبێ هەر چی زووتر قۆڵی لێ هەڵکەین و دەستبەکار بین، ڕاستە لە ڕابردوودا یاسای لەوبارەوە هەبووە و نووسەرانیش بەرگرییان لێ کردووە بەڵام چ سوود؟ ئەمرۆ یاسایەک بۆ پاراستنی مافی ئاژەڵان نییە و ئەم وڵاتە بۆتە خراپترین جێگە بۆیان. بە شێوەی جۆراوجۆر ئەسپ یان بارگینی بەستەزمان لەژێر قامچی و شەق کاری پێ دەکەن و دواتر کە پیر و پەککەوتە بوو خاوەنی بەوەفا بە نرخێکی زۆرکەم دەیفرۆشێت و ئەمجارە کاری دیکەی پێدەکرێ، لەم وڵاتە بەقوڕگیراوەدا گوێدرێژ تەنیا بۆ کاری تاقەتپڕووکێن و ئازاردان خوڵقاوە، بە گەرمای هاوین و لەژێر تیشکی بێ بەزەی خۆر تێیهەڵدەدرێ و تێیدەوەژێنن و باری دەکەن، زستانانیش بەرهەڵای دەکەن و بەبێ هیچ سەرپەنایەک لەو سەرما و بەستەڵەکەدا وێڵی دەکەن. هیچکات بەزەییان پێی نەهاتووە و جگە لە تێوەژاندن و نقورچ و جنێو و قسەی ناشیرن دەستی خۆشەویستی بەسەردا نەهاتووە. سەگی بێ ئەنوای سەرشەقامەکان لەبەر خاتری خوا تێیهەڵدەدرێ، پشیلە هەڵداوەسن و زیندەبەگۆڕی دەکەن، مشکی قوڕەسەر ئاگر تێبەردەدەن و ... باشە ئەگە کوشتنی ئاژەڵان قازانجی هەیە ئەدی بۆ ئەشکەنجەی دەکەن؟ هەتا کەی دەبێ ئەم دیمەنە خوێناویانە بە خەمساردییەوە ببینین؟ ئەوەیە ئەو پەروەردە جوانە بۆ منالەکانمان!

ئەشکەنجەی جۆراوجۆر دەبنە هۆی بێ شەرەفی و بێ ویژدانی و گەندەڵی ئاکاریی. ئەم دیاردەیە زۆرداریيە جینایەت و کارەساتێکە بۆ کەرامەت و بەژنوباڵای مرۆڤایەتی، بۆ نەتەوەیەک کە خۆی بە ژیار و شارستانیەت ڕادێنێت و بۆ

مرۆڤێک کە خۆی بە ئینسان دەزانێ ئەم کردەوانە قیزەون و پیس و نگریسن. هۆمبۆلد «Homboldt» دەڵێ: «ئاستی بەرزیی فەرهەنگی نەتەوەیەک بە چۆنییەتی هەڵسووکەوتی لەگەڵ ئاژەڵان دیاری دەکرێ.»

پەروەردە و بارهێنانی دایک و باوک گرینگییەکی قووڵ دەخاتە سەر ئاکار و ڕەوشتی منداڵ، ئەو زوڵم و ئازارەی لەلایەن منداڵان بۆ سەرزیندەوەری بچکۆلە و بێ دەستەڵات دەکرێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دایکان لێی بەرپرسن. دایکانی بێ ویژدان و نەزان باڵندەیەک وە دەستی منداڵەکەیان دەدەن و ئەو باوکانەی منداڵەکانیان وەدوی خۆیان دەدەن و فێری ڕاو و کوشتن و خوێنڕشتنیان دەکەن لەو پەڕی بێ ویژدانی و بێ مێشکیدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەوە هەوەڵین قوتابخانەی دڵ ڕەقی و خوێن ڕشتنە کە دەبێتە هۆی شەڕ و لێدان و کوتان. ئەرکی دایک و باوک و مامۆستایە بە شێوەیەکی شیاو، بەڕێز و شارستانیانە منداڵان پەروەردە بکەن و فێری سۆز و خۆشەویستی و ڕێزلێنانی گشت ئەو گیانلەبەرانەیان بکەن.

ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی یاسای بەرگریکردن لە مافی ئاژەڵان نووسراوە و کاری پێدەکری، یاسای گڕامێن (فەڕانسە) «Loi gramnot» ١٨٥٠ بەرگری لە مافی ئاژەڵ دەکا، لە پورتەغال سزا بە پارە و بەند بەسەر ئەوکەسەدا دەسەپێنن ئەگە بێتو ئاژەڵی بریندار یان نەخۆش بار بکا، لە هۆڵەند کەسێک ئازاری ئاژەڵێک بدا زیندانی و سزای نەغدی بۆ دیاری کراوە، لە بریتانیاش یاسای توندی بەو شێوەیە هەیە. لەلایەن ڕێکخراوگەلی پاراستنی مافی ئاژەڵانیش پارێزگارییان لێ دەکرێ، بۆ وێنە لە ڕێگایەکی ڕژد چەند ئەسپێک ڕاگیراون هەتا ئەو کالیسکانەی هێزی سەرکەوتنیان نییە ڕایانکێشی و گوشار بۆ هەسپەکانی دیکە

نەیێ، ئایا ئەم کارە جێگای ڕێز و سوپاس نییە؟ بەڵام ئێران لەبەرامبەر جیهاندا خۆی کەڕ و کپ کردووە و بەردەوام هەڵسووکەوتی خەڵک لەگەڵ ئاژەڵان ناڕەواتر دەبێ، ئەم بێ هەڵوێستی و بێ هەستییە کەرامەتی نەتەوەیەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.


دەڵێن ئاژەڵان هیچ مافێکیان نییە، ئەگە ئەوان هەتا ئێستا هیچ مافێکیان نەبووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە نەمانویستووە، بۆچی نابێ مافیان هەبێ و پارێزراو بن؟ ئایا حەیوان بۆ هەواوهەوەسی مرۆڤ ئافرێندراوە یان ئەویش لای خوڵقێنەری خۆی مافی خۆی هەیە؟ سەرجەم هزر و ئاکار بە دژی زوڵم و زۆری و ئەشکەنجەیەکە کە ئینسان بە برا بێ هێزەکەی خۆی بەڕەوا دەزانێ و ناڕەزایەتی دەردەبڕن، مرۆڤیش لەبەرامبەر ئەو کەسەی هەردووکییانی ئافراندووە بەرپرسە. دەبێ ڕێز لەو مافانە بگرین، ئەگەینا دەبێ حاشا لە مەزنتربوونی خۆمان بەسەر باقی ئاژەڵاندا لێبکەین. مافی ئاژەڵان، مافی ژێردەستان و بێ نەوایانە، پاراستنی ئەو مافە یەکێک لە هێماکانی ژیار و پێشکەوتنەی ڕاستەقینەی مرۆڤە و هەروەها ڕێزگرتنە لە ئاوەز و ئاکاری کۆمەڵگە.

چونکە ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێ، ئەگە بخوازم کورت و ڕوون بدوێم دەبێ بڵێم: پەڵەیەکی ڕەش و قەباحەتێکی گەورەیە ئەگە پارێزگاری لە مافی بێ دەسەڵاتان و لاوازان نەکەین و هەوڵی بۆ نەدەین، یان زوڵم لە ژێردەستەکانمان بکەین. زۆر ڕوونە کە ویژدانی زیندوو، هەر ئینسانێک ناچار بکا کە بۆ دادپەروەری و پاراستنی مافەکانیان هەوڵ بدا و قەرەبووی هەڵەکانی بکاتەوە. هەروەک بە شێعرێکی فێردەوسی دەستمان پێ کرد بەو دێرەی نەمر حافیزی شیرازی-ش کە کۆکراوەی هەموو فەلسەفەی ئاکارە کۆتایی پێ دێنم:

ئازار مەدە کەس ئەوەی تر ئازادی
هزری ئێمە بە و ئاواتە دێتە دی

**سادق هیدایەت**
١٣٤٣ی هەتاوی
١٩٦٤ی زایینی

# HUMAN AND ANIMAL



**Sadegh Hedayat**

**Translated by :**

**Salim Haqiqi**

مرۆڤ و ئاژەڵ ■ نووسینی: سادق هیدایەت ■ وەرگێڕانی: سەلیم حەقیقی ■ ٢٠٢٢